دەزگای خێرخوازیی بارزانی
Barzani Charity Foundation
مؤسسة بارزاني الخيرية

# نەهامەتی ژنە رزگاربووەکانی ژێر دەسەڵاتی داعش

توێژینەوە

2019

ئامادەکردنی: بەشی راگەیاندن و توێژینەوەی دەزگای خێرخوازیی بارزانی

# نەهامەتی ژنە رزگاربووەکانی ژێر دەسەڵاتی داعش

توێژینەوە

# ناوەڕۆکی بابەتەکان

پێشەکی
دەروازەی یەکەم: لایەنی تیۆری
بەشی یەکەم: چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە و شیکردنەوەی زانیارییە گشتییەکان
١,١ توخمی سەرەکی توێژینەوەکە
١,٢ کێشەی توێژینەوە
١,٣ گریمانەی توێژینەوە
١,٤ ئامانجی توێژینەوە
١,٥ ڕێکاری توێژینەوە
دەروازەی دووەم/لایەنی مەیدانی توێژینە
بەشی دووەم: ڕێکارە میتۆدییەکان و هەنگاوە مەیدانییەکانی توێژینەوە
٢,١ میتۆدی توێژینەوە
٢,٢ هەنگاوی مەیدانی توێژینەووە
٢,١,١ کۆمەڵگەی توێژینەوە
٢,١,٢ ئامرازەکانی توێژینەوە
٢,١,١,١ هۆیەکانی کۆکردنەوەی زانیاری
بەشی سێیەم: دەرئەنجام و پێشنیارەکان
* سەرچاوەکان

# پێڕستی خشتەکان


| ژ.خشتە | ناونیشانی خشتەکان | ژ.لاپەڕە |
|---|---|---|
| 1 | ڕێژەی تەمەن | 10 |
| 2 | باری کۆمەڵایەتی | 11 |
| 3 | ئایا منداڵت هەیە؟ | 11 |
| 4 | ئەگەر وەڵامەکەت بەڵێ یە، ژمارەیان چەندە؟ | 12 |
| 5 | تەمەنی منداڵەکان (بە ریزبەندی) | 13 |
| 6 | ئاستی خوێندەواری | 13 |
| 7 | شوێنی نیشتەجێبوونی ئێستا | 14 |
| 8 | کار و پیشە | 15 |
| 9 | ماوەی دەست بەسەرکراوی | 16 |
| 10 | ئایا گەشتت کردووە بۆ دەرەوەی عێراق؟ | 17 |
| 11 | ئەگەر وەڵامەکەت بەڵێ یە، بۆ کوێ گەشتت کردووە؟ | 18 |

| ژ.خشتە | ناونیشانی خشتەکان | ژ.لاپەڕە |
| --- | --- | --- |
| 12 | ئایا لەگەڵ نزیکەکانت دەژیت؟ | 19 |
| 13 | کێن ئەوان؟ | 20 |
| 14 | ژیانت ئێستا باشترە یان پێش ئازادبوون؟ | 21 |
| 15 | بۆچی؟ | 22 |
| 16 | ئایا بڕوات بە کۆمەڵگایەك هەیە کە لەسەر بنەمای ڕێزگرتنی بەرامبەر بنیات بنرێت؟ | 23 |
| 17 | ئایا کۆمەڵگای ئێزیدی مافەکانی کەسی دەپارێزێت؟ | 23 |
| 18 | ئایا کۆمەڵگایەك کە لەسەر بنەمای پابەندبوون بە ئایین بنیات بنرێت باشترە لە کۆمەڵگایەکی تر؟ | 24 |
| 19 | ئایا ژیان کردن لە ناو ئایینە جیاوازەکان باشترە؟ | 24 |
| 20 | ئایا مرۆڤ بە تێپەڕبوونی کات دەگۆڕدرێت؟ | 25 |
| 21 | ئایا دەتوانی رابردوو لە بیر بکەی؟ | 26 |
| 22 | ئایا ترست هەیە لە داهاتوو؟ | 26 |
| 23 | ئایا رەشبینی لە ژیان؟ | 27 |
| 24 | ئایا بیرت لە خۆکوشتن یان مردن کردۆتەوە؟ | 29 |
| 25 | ئایا هەست بە رق دەکەیت بەرامبەر ئەو کەسانەی لە دەورووبەرت دەژین؟ | 29 |

| ژ.خشتە | ناونیشانی خشتەکان | ژ.لاپەڕە |
|---|---|---|
| 26 | ئایا هەست بەخەمباری دەکەی لەوەی ئێستا تێیدایت؟ | 30 |
| 27 | ئایا هەست بە پەژارەیی دەکەیی و حەزت بە ژیان نییە؟ | 30 |
| 28 | ئایا هەست بە دوودڵی دەکەی؟ | 31 |
| 29 | ئایا شەوان بە شێوەیەکی ئاسایی دەخەویت؟ | 31 |
| 30 | ئەگەر وەڵامەکەت بەڵێ یە، ئایە چەند کاتژمێر دەخەوی؟ | 32 |
| 31 | ئایا هەست بە فشار دەکەیت بەبێ بوونی هیچ هۆیەك؟ | 32 |
| 32 | ئایا وێنەیەك لە رابردوو ماوە لە یادەوەریت؟ | 33 |
| 33 | ئایا هەست دەکەیت لە ژێر هەڕەشە دایت؟ | 33 |
| 34 | ئایا بیر لە رووداوێك دەکەیتەوە؟ | 34 |
| 35 | ئەگەر هەیە، چییە؟ | 35 |
| 36 | ئایا هەست بەهەڵچوون و خەمباری دەکەی بەبێ بوونی هۆکارێکی روون؟ | 36 |
| 37 | ئایا کێشەکانت کاریگەرییان لەسەرت هەبووە؟ | 36 |
| 38 | ئایا خۆت قبوڵە (لە خۆت ڕازیت)؟ | 37 |
| 39 | حەز بە تەنیایی دەکەیت؟ | 38 |

| ژ.خشتە | ناونیشانی خشتەکان | ژ.لاپەڕە |
| --- | --- | --- |
| 40 | ئایا هیچ ئارەزوویێکت هەیە و بتەوێ بیهێنیتە جێ؟ | 38 |
| 41 | ئایا پارەی تەواوت لەبەر دەستە بۆ هێنانە دی ئارەزووەکەت؟ | 39 |
| 42 | ئایا لایەنی ماددی یارمەتی داویت لە ژیان؟ | 39 |
| 43 | ئەگەر کارێکی گونجاوت پێبدەن، دەیکەیت؟ | 40 |
| 44 | ژیان لە ئاوارەیی سوودی پێگەیاندووی بۆ دۆزینەوەی کارێك؟ | 40 |
| 45 | ئایا دەتوانیت لەگەڵ کۆمەڵێك ئافرەت بژیت لە شوێنێکدا؟ | 41 |
| 46 | ئایا بەدەست هیچ نەخۆشییەکەوە دەناڵێنی؟ | 42 |
| 47 | ئەگەر وەڵامەکەت بەڵێیە، نەخۆشیەکەت چییە؟ | 42 |
| 48 | ئایا چارەسەری پێویست وەردەگریت بۆ ئەو نەخۆشییە؟ | 43 |
| 49 | لە کوێ چارەسەر وەردەگریت؟ | 44 |

## دەروازەی یەکەم: لایەنی تیۆری

بەشی یەکەم/چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە و شیکردنەوەی زانیارییە گشتییەکان

باسی یەکەم/ توخمی سەرەکی توێژینەوەکە

یەکەم/ کێشەی توێژینەوە

دووەم/گریمانەی توێژینەوە

سێیەم/ ئامانجی توێژینەوە

چوارەم/ رێکاری توێژینەوە

# پێشەکی:

توندوتیژی دژی ژنان و کچان پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤە و کاریگەری نەرینی هەبێت لەسەر تەندروستیان و خۆشیان و پاشەڕۆژیان، کچان و ژنان نیوەی دانیشتوان پێکدێنن، مافی ئەومیان هەیە بێ ترس و توندوتیژی بە ئاسایی بژین. هەرچەندە ئەو هەڕەشەو توندوتیژیانە بەردەوامە دژی ژنان و کچان هەیە بەتایبەت توندوتیژی رەگەزی و ئیستغلالی رەگەزی و هەراسانکردنیان و ئەنجامدانی هاوسەرگیری لەلایەن ئاوارەکان لەو شوێنەی ئێستا لێ دەژین و بەشودانی کچانی تەمەن ١٢ ساڵ لەناوئاوارەکان بەمەبەستی پاراستنیان. سەرەڕای ئەوەش ئەو کارەساتە بێ وێنەیە کەوا ژنان و کچانی ئێزیدی لەسەر دەستی داعش رووبەڕووی بوونەوە:[1] پێویستە لەسەریان هەموو ئەو ئافرەت و کچە ئێزیدیانەی کەوا لەساڵی ٢٠١٤ بردران ئازاد بکرێت ئەو ئافرەتانەی رووبەڕووی ئەشکەنجە بوونەتەوە لەلایەن رێکخراوی داعش، هەروەها هەر لەڕێگەی وتەکانیان ئەوەمان بۆ دەرکەوت کەوا زۆر کۆتیان لەسەربوو بەهۆی دەستبەسەربوونیان ئەمەش کاری لەسەر کچە ئێزیدیەکان کردووە.

کەوا بێبەشبوون لەچاودێری تەندروستی و پەروەردەی لەو شوێنانەی لەژێر کۆنترۆڵی داعش لە٢٠١٦ رێکخراوی مافی مرۆڤ چاوپێکەوتنی ئەنجامدا لەگەڵ ٢١ ژنە سوننەی موسڵمان ١٥ئافرەتی هەڵاتوون ئەو شوێنانەی لەکۆنترۆڵی داعش دان ئێزیدییەکان لەناوەڕاستەکانی٢٠١٤ لەژێر دەسەڵاتی داعش دەست بەسەرکراون و ژیانیان بەسەر بردووە بەزۆر کردوویانن بە ئیسلام و[2] دەستدرێژی سێکسیان کردونە سەرو کڕین و فرۆشتنیان پێدەکرا لەبازاڕی کۆیلەکان. ئەو کچە ئێزیدیانە دیلن کڕین و فرۆشتنیان پێدەکرێت و لەمنداڵەکانیان جیایانکردوونەتەوە، هەروەها کۆت و بەندی داعش لەسەر سوننیەکان لەژیانیان لەهەموو خزمەتگوزارییە گشتییەکان. رزگاربووانی ئێستا لە هەرێمی کوردستان دەژین دەڵێن داعش کۆتی وا لەسەر توندکردبووین بەجۆرێك دەبێت ئافرەتان نقاب بپۆشن و نابێت لەماڵەوە بێنە دەرەوە مەگەر کەسێکی نزیکی خۆی لەگەڵ بێت.

لەپیاوەکان ئەو رێسایەش بە شێوەی توندوتیژی بوو کەوا ئافرەتەکانیان لە ژیانی ئاسایی دابڕی بوون، هەروەها ئەو خێزانانەی لەژێر دەسەڵاتی داعشدا بوون دەناڵێنن بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخی خواردن، چونکە حکومەتی عێراق موچەی ئەو کارمەندانەی بڕیوە کە لەژێر چاودێری داعشدان و ئەوان دەترسن لەوەی سوودمەند نەبن لە

---

الأمم المتحدة توجه نداء لإنهاء العنف ضد النساء في العراق

مصير أكثر من ألفي إيزيدية اختطفهن «داعش» ما زال مجهولا

لثلاثاء - ١٩ شهر ربيع الأول ١٤٤٠ هـ - ٢٧ نوفمبر ٢٠١٨ مـ رقم العدد [ ١٤٦٠٩]

٢ فهم النوع الاجتماعي والعنف القائم على النوع الاجتماعي ووصمة العار في المجتمعات السورية

٣— https://www.google.com/search?client=opera&q

٣- =معاناة+نساء+العراق+تحت+حكم+»داعش»+التضييق+على+السنة+ووقائع+جديدة+عن+اغتصاب+الإيزيديات

چاودێری تەندروستی و پەروەردەیی بەهۆی سیاسەتەکانی داعش و کەوا نەدەبوایە ئافرەتەکان بچن بۆ لای دکتۆری پیاو تا چارەسەر وەربگرن، داعش رێگری لێکردبوون کەوا دەرس بخوێنن و هەڵدەستا بە لێدانی ئەو ئافرەتانە بەداری ئاسن لە شوێنە گشتییەکان هەندێك لە ژنە ئێزیدییەکان وتیان هەستمان بە ئیهانەی گەورە دەکرد بەهۆی مامەڵەی نەشیاو داعش و هەندێکیان هەستیان بە کەئابە دەکرد تا ئاستێك ویستی خۆکوشتنیان هەبوو.

ئەو ئافرەتانەی بەزۆر کراونەتە ئیسلام و منداڵێکانیان لێ دەبردن و بە زۆر نوێژیان پێدەکردن. بەپێی ئەو راپۆرتانەی کەوا دەستمانکەوتووە لەبەرپرسانی حکومەتی کوردستان و رێکخراوە ناحکومیەکان کەوا ١٥ئافرەتیان بینی کەوا ماوەی زیاتر لە ساڵێك دیل بوون. وتیان لەلایەن داعشەوە فرۆشتن و کڕین و ئیهانەیان پێدەکردین، بۆیە پێویستە لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان یارمەتی کۆمەڵایەتی و دەروونی پێشکەش بەئاوارەکان بکرێت.

باس لەوەش دەکرێت کاتێك داعش و هاتن ژن و منداڵیان لە پیاوان جیادەکردەوە هەندێکیان لە سوریا و لە بازاڕی کویلەکان فرۆشتنیان لە رەقە بۆ خزمەتکاری ماڵان یان بۆ کاری سێکسی بەکاریان دەهێنا، لەنێوان ئەندامانی گرووپی داعش حسب رێککەوتننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافی شارستانی و سیاسی **١٩٢٦** وسیقەی تر لەقانون دولی انسانی کە بەڕێوەبەری نووسینگەی ئاوارەکان لەنووسینگەی سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان ئاماژەی بەوەداوە١٠٠٠ ژن لەژێر دەسەڵاتی داعش هەڵاتوون، بەڵام ١٨٠٠ژن و کچی ئێزیدی تا ئێستاش لە ژێر دەستی داعشدان. ئەو سیاسەتەی داعش تاوانی شەڕنییە، بەڵکو ئەو رەفتارانەی تاوانی نامرۆڤایەتییە، دوورخستنەوەی منداڵە لە کۆمەڵگا، هەروەها چاوپێکەوتنمان کرد لەگەڵ کۆمەڵێك لە ئاوارەکان لە کەمپی دهۆك کە سەر بە هەرێمی کوردستانە، ئەوانیش ئاماژەیان بەوەدا کە داعش ئیهانەی کردون و رووبەڕووی لێدانی بە زەبری کردوون و کاری ناوماڵی پێکردوون و زیندانیان دەکردین و بۆماوەی چەند هەفتەیەك کەمێك نان و ئاویان پێ دەداین، هەروەها وتیان ئێمە نەماندەزانی فرۆشراین تا چەند دەقەیەکی کەم.

# بەشی یەکەم: چوارچێوەی گشتی تویژینەوە

## کێشەی تویژینەوە:

بەشێوەیەکی گشتی هەر تویژینەوەیەك خۆی لە بوونی کێشەیەك دەبینێتەوە وەك دەردەکەوێت جینۆسایدکردنی کوردانی ئێزیدی دەقەری شنگال لەسالی ٢٠١٤ نەهامەتی و ناخۆشی زۆری بەدوای خۆی داهێناوە ئێمە لایەنێکی ئەو جینۆسایدە خستۆتەروو ئەویش بەهۆی ئەو ناکۆکیە چەکدارانەی کەوا روویدا ئافرەتان و کچانی ئێزیدی زورترین نەهامەتیان رووبەڕوو بووەوە لە لایەنی سێکسی و دەروونی:

١-بوونی ڕێژەیەکی بەرچاوی دیاردەی دەستدرێژی سێکسی و دەروونی بۆ سەر کچان و ژنان ئێزیدی.

٢- بەزۆر خەلك كۆچ بکەن لەشوێنی خۆیان بەئامانجی دۆزینەوەی شوێنی ئارامترو ئاسایشی تێداهەبێت.

٣-پشێوی خستنەوە لە جێگیربوون لەزێدی خۆیان و وێرانکردنی خێزانەکان و تێکدانی پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکان.

بەشێوەی گشتی ئەم بارودۆخانە دەبێتە هۆی توندوتیژی جەستەیی، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ جۆرەها نەخۆشی دەروونی و تەسك بوونەوی ژیان لایان و رووبەڕووی کەوا توندوتیژی جەستەی بوونەتەوەو ئازاریان داون، ئەمەش لەمیانەی ئەو راپرسەی ئەنجاماندا لەگەل ژنانی رزگاربووی دەستی داعش ئەنجامەمان دان ئەوەمان بو دەرکەوت ٠٣٠

## گریمانەی تویژینەوە:

١-زۆربەی ئەو ژنان و کچە ئێزیدیانە کە راپرسیمان لەگەلیاندا ئەنجامداوە تەمەنی جیاجیابوون، بەلام تەمەنی بچووك لەناویان زۆربوو کەوا تازە دەست بەژیان دەکەن رووبەڕووبوونەوەی ئەو بارودۆخە سەختە بۆیان ئالۆزەو لەخوێندن و ژیانکردن پچڕێنراون دەبێ دەستی هاوکاری بۆیان درێژ بکرێت، بەلام یارمەتییەکان وەك پێویست نییە.

٢-بەشێکی ئەو ژنانە بەدەست نەخۆشی جەستەیی جۆراوجۆر دەنالێنن و خاوەن مندالن و لە خێزانەکانیان دوورکەوتوونەتەوە بەهۆی ئەو شەڕەی ڕێکخراوی داعش دروستی کردووە ئاسایشی نەهێشتوە لەبەر ئەوەی بەهۆی ئایینێکی دیاریکراو تووشی ئەو نەهامەتییە هاتوون و گیانی پێکەوەژیانی ئایینی لایان پەسەند نییە و پێویستیان بە چاودێری وردە لە لایەن لایەنە پەیوەندیدارەکانی تایبەت بە ئاوارەکان.

٣- بەهۆی ئەو ترس و دلەڕاوکێیەی تێدا ژیاون ناتوانن وەك پێشتر و ئاسایی ژیان بکەن سەرەڕای بەچاوی جیا سەیرکردنی ئەو ئافرەتانە، بۆیە پێویستیان بەجێگیرکردنی بارودوخی دەروونی هەیە سەرەڕای ئەوەی بەشێکی کەم خۆیان گونجاندووە لەگەل بارودۆخیان.

٤- ئەو ئافرەتانە توانای کارکردنیان هەیە لەو بوارەی لێ شارەزان، بۆیە پێویستە هەلی کاری گونجاویان بۆ دابین بکرێت.

ئامانجی توێژینەوە: لەهەر توێژینەوەیەك كە دەكرێت ئامانجێكمان هەیە دەمانەوێت پێیبگەین:

١-كاربكەین بۆ دووبارە ئاشناكردنەوەیان بەژیان لەڕێی دۆزینەوەی ڕێرەوێك بۆیان و كاركردن لەسەر بارودۆخی دەروونیان و وایان لێبكەین كە ئەوان نیوەی كۆمەڵگە پێكدێنن مافی ژیانێكی شكۆمەندییان هەیە، ئەمەش لەڕێگەی گفتوگۆكردن لەگەڵیان لەبارەی بارودۆخی ئێستایان.

٠٢-دیاریكردنی كێشە دیارەكان و دۆزینەوەی چارەی جیاواز بۆیان، هەروەها ویستمان بزانین بارودۆخیان چۆنە دوای ئەوەی رزگاربوون لەژێر دەستی داعش و ئەو صدمە دەروونی و جەستەییەی ڕووبەڕووی بونەتەوە چییە، پێویستیان بەچییە دوای جێهیشتنی مەنزڵگەی خۆیان ئاشنابوون لەگەڵ كۆمەڵگەی نوێ چۆن خۆیان گونجاندووە و كۆكردنەوەی داتاو زانیاری لەبارەی بارودۆخی ئەو ئاوارانەو لەبارەی چۆنێتی ژیانی ئێستایان.

٣-دیاریكردنی كێشەی تەندروستی و دەروونی و پەروەردەیی و ڕێژەی بێكاری و دووبارە تێكەڵبوونەوەیان بەكۆمەڵگە.

ڕێكاریەكانی توێژینەوە: ئەم توێژینەوەیە پشت بەراپرسی دەبەسترێت كە ئەنجامدراوە لەگەڵ ٤٤ ئافرەتی رزگاربووی ژێر دەستی داعش كەوا بەشێوەیەكی راستی ڕووداوەكان و شیكردنەوەی داتاكانی بۆكراوە لەڕێگەی پرۆگرامی IBMSPSS.

## دەروازەی دووەم/ لایەنی مەیدانی توێژینەوە

بەشی دووەم/ رێکارە میتۆدییەکان و هەنگاوە مەیدانییەکانی توێژینەوە

باسی یەکەم/ میتۆدی توێژینەوە

میتۆد رێگاو شێوازێکە کە توێژەر بەکاری دەهێنێت بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان و پۆڵینکردن و راڤەکردن و هەروەها کۆکردنەوەی زانیارییەکان و چۆنیەتی خستنەروویان[٣]، بەڵام لەرووی شێوازی توێژینەوە کە وەسفی شیکارییە کە تیایدا زانیارییەکان کۆدەکرێنەوە پاشان هەوڵی راڤەکردنی ئەو زانیاریانە دەدرێت،[٤] ئەم توێژینەوەیە هەردوو جۆری چۆنایەتی و چەندایەتی گرتۆتەخۆ یەکەم-لەبەکارهێنانی پەیرەو پرۆگرام و بەڵگەنامەی کاری رێکخراوی دەردەکەوێت دووەم-لەرێگەی وەڵامی راپرسی کە بەشێوازی ژمارەو خشتەی راپرسی خراوەتەروو[٥].

## باسی دووەم/ هەنگاوی مەیدانی توێژینەوە

کۆمەڵگەی توێژینەوە: کۆمەڵگەی توێژینەوە بریتییە لە کۆی ئەو یەکەو رەگەزانەی دیاردەیەك کە توێژەر لەبارەیەوە توێژینەوەی لەسەر دەکات. ئەو ژنانەی رزگاربووی ژێر دەستی داعشن کە وا لەتەمەنی جیاجیادان لە کەمپەکان و دەرەوەی کەمپەکان ژیان دەگوزەرێنن و کە لەزێدی خۆیان ئاوارەبوون سەرەرای ئاڵۆزی بارودۆخی دەروونیان پێویستە لایەنێك گوێیان لێبگرێت و بەدەم ناڵەیانەوە بچێت، ئەمەش کاری رێکخراوە خێرخوازییەکانە لەو نادادیەی تووشی هاتوون هاوکارییان بن.

دووەم/ ئامرازەکانی توێژینەوە

یەکەم/ هۆیەکانی کۆکردنەوەی زانیاری

*چاوپێکەوتن: ئامرازێکی توێژینەوەی زانستییە کە بریتییە لەگفتوگۆیەکی ئاراستەکراو کەوا کەسێك ئەنجامی دەدات لەگەڵ کەسێکی تر بەمەبەستی ئاراستەکردنی جۆرێك لەزانیاری بۆ بەکارهێنانی لەتوێژینەوەیەکی زانستی بۆ مەبەستی دیاریکردن و چارەسەرکردنی لەبواری تر. لێرەدا چاوپێکەوتن وەك ئامرازێکی

٣ احسان محمدحسن-موسوعە علم اجتماعی-٩٩٥

٤ عبدلباسط محمدحسن ٠اصول البحث اجتماعي-ص ٢٠٤

٥ ٣ رۆڵی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەگەشەپێدانی توانای گەنجدا (توێژینەوەیەکی مەیدانیە لەشاری سلێمانی) –چیا فائق رشید –لا٩٦

چاوپێکەوتنی زانستی بەکارهێنراوە، پرسمان رووبەڕووی ئاوارەکان کردۆتەوە تا زانیاری کۆبکەینەوە بۆ توێژینەوەکە [٦].

*فۆرمی راپرسی: سەرەکیترین رێگایە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەتوێژینەوە لەزنجیرەیەك پرسیاری نووسراو پێك دێت بەمەبەستی گەیشتن بەئامانجی توێژینەوەکە بەکاردێت، فورمی راپرسیەکە سودی لێوەرگیرا بۆ کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی ئاوارەکان و پەنابەران و لەدوو تەوەر پێکهاتووە، تەوەری یەکەمیان زانیاری گشتییە وەك تەمەن –رەگەز- باری ئابووری. تەوەری دووەم زانیاری تایبەتییە بەبابەتی سەرەکی توێژینەوەکە کە بەدەست بێنێت [٧].

٦ رۆڵی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەگەشەپێدانی توانای گەنجدا (توێژینەوەیەکی مەیدانیە لەشاری سلێمانی) –چیا فائق رشید –

٧ پەروین سازگار ئاوڕدانەوەیەك لەکۆمەڵناسی-جەواد مستەفا ستویەپی-دەزگای موکریان بۆ چاپ و بلاوکردنەوە- هەولێر-چ١-٢٠٠٣-لاپەره٦٧

# شیکردنەوەی زانیارییەکان

## بەشی دووەم: شیـکردنەوەی داتاکان

### یەکەم: شیـکردنەوەی زانیارییە گشتییەکان

ئەم بەشە پێکدێت لە کۆمەڵێك پرسیار دەربارەی زانیارییە گشتییەکانی پەیوەند بە هەر ئافرەتێك، ئەو زانیاریانەش ئەم بەشانەی خوارەوە لە خۆی دەگرێت:

#### ١-تەمەن

| ڕێژەی تەمەن | | ژمارەیان | ڕێژەی سەدی | ڕێژەی سەدی وەڵامدراوە | ڕێژەی سەدی کۆکراوە |
|---|---|---|---|---|---|
| وەڵامیان داوەتەوە | ١٥-٢٠ | ١٩ | ٤٣,٢ | ٤٤,٢ | ٤٤,٢ |
| | ٢١-٣٠ | ١٠ | ٢٢,٧ | ٢٣,٣ | ٦٧,٤ |
| | ٣١-٤٠ | ٦ | ١٣,٦ | ١٤,٠ | ٨١,٤ |
| | ٤١-٥٠ | ٣ | ٦,٨ | ٧,٠ | ٨٨,٤ |
| | ٥٠+ | ٥ | ١١,٤ | ١١,٦ | ١٠٠,٠ |
| | کۆی گشتی | ٤٣ | ٩٧,٧ | ١٠٠,٠ | |
| وەڵامیان نەداوەتەوە | بێ وەڵام | ١ | ٢,٣ | | |
| کۆی گشتی | | ٤٤ | ١٠٠,٠ | | |

خشتەی ژمارە -١-

١- تەمەنی بەشـداربوان: ئـەو ئافرەتانـەی بەشـدار بوونـە لـەم توێژینەوەیـەدا لـە تەمەنـی جیـاوازدان بەشـێکیان لـە سـەرووی (٥٠) سـاڵیدان، بـەڵام ئـەوەی جێـگای سـەرنج بێت ئەوەیە ڕێژەی ٤٣٪ لـەو ئافرەتانە تەمەنیـان لـە نێوان ١٥-٢٠ سـاڵیدایە، ئەمـەش جێـگای نیـگەرانییـە کـەوا لـەم تەمەنـە تووشـی ئـەم پێشـهات و نەهامەتیانـە بوونـەتـەوەو کـاریـگـەری لەسـەر تـەواوی ژیانیان دەبێت.

## ٢- باری کۆمەڵایەتی

| باری کۆمەڵایەتی | | ژمارەیان | ڕێژەی سەدی | ڕێژەی سەدی وەڵامدراوە | ڕێژەی سەدی کۆکراوە |
|---|---|---|---|---|---|
| وەڵامیان داوەتەوە | هاوسەرگیری نەکردووە | ٢١ | ٤٧,٧ | ٤٧,٧ | ٤٧,٧ |
| | هاوسەرگیری کردووە | ٢١ | ٤٧,٧ | ٤٧,٧ | ٩٥,٥ |
| | بێوەژن | ٢ | ٤,٥ | ٤,٥ | ١٠٠,٠ |
| | کۆی گشتی | ٤٤ | ١٠٠,٠ | ١٠٠,٠ | |

خشتەی ژمارە -٢-




٢-باری کۆمەڵایەتی: هەمیشە لەشەڕدا ئافرەتان تووشی تەنگ و چەڵەمەی زۆر دەبنەوە. لە ٤٤ ئافرەتەی بەشداربوون لەم توێژینەوەیەدا دەتوانین بڵێین ئەوانەی هاوسەرگیرییان کردووە لەگەڵ ئەوانەی هاوسەرگیرییان نەکردووە یەکسانن تەنها (٢) ئافرەت نەبێت کە بێوەژن بوون، ئەو ناخۆشی و نەهامەتییانەی کە تووشییان بووە بۆ هەر ئافرەتێك بێت قورسە، بەڵام ئەوانەی کەوا تەمەنیان بچووکە و هاوسەرگیرییان نەکردووە زۆر قورستر و مەترسیدارترە بە دڵنیاییەوە کاریگەری زیاتری لەسەریان هەبووە.

## ٣- ئایا منداڵت هەیە؟

| ئایا منداڵت هەیە؟ | | ژمارەیان | ڕێژەی سەدی | ڕێژەی سەدی وەڵامدراوە | ڕێژەی سەدی کۆکراوە |
|---|---|---|---|---|---|
| وەڵامیان داوەتەوە | بەڵێ | ٢٠ | ٤٥,٥ | ٦٤,٥ | ٦٤,٥ |
| | نەخێر | ١١ | ٢٥,٠ | ٣٥,٥ | ١٠٠,٠ |
| | کۆی گشتی | ٣١ | ٧٠,٥ | ١٠٠,٠ | |
| وەڵامیان نەداوەتەوە | بێ وەڵام | ١٣ | ٢٩,٥ | | |
| کۆی گشتی | | ٤٤ | ١٠٠,٠ | | |

خشتەی ژمارە-٣-

٣- لێرەدا پرسیاری ئەوەمان لێکردن کە ئایا منداڵیان هەیە یاخود نا، لە کۆی گشتی (٤٤) ئافرەت دا (٢٠) یان منداڵیان هەبوو و (١١) یان منداڵییان نەبووە و (١٣) ئافرەتیش وەڵامییان نەداتەوە.

## ٤-ئەگەر وەڵامەکەت بەڵێ یە، ژمارەیان چەندە؟

| ژمارەیان چەندە؟ | | ژمارەیان | ڕێژەی سەدی | ڕێژەی سەدی وەڵامدراوە | ڕێژەی سەدی کۆکراوە |
|---|---|---|---|---|---|
| وەڵامیان داوەتەوە | یەك | ٢ | ٤,٥ | ١٦,٧ | ١٦,٧ |
| | دوو | ٢ | ٤,٥ | ١٦,٧ | ٣٣,٣ |
| | سێ | ١ | ٢,٣ | ٨,٣ | ٤١,٧ |
| | چوار | ٧ | ١٥,٩ | ٥٨,٣ | ١٠٠,٠ |
| | کۆی گشتی | ١٢ | ٢٧,٣ | ١٠٠,٠ | |
| وەڵامیان نەداوەتەوە | بێ وەڵام | ٣٢ | ٧٢,٧ | | |
| کۆی گشتی | | ٤٤ | ١٠٠,٠ | | |

خشتەی ژمارە-٤-

٤- سەبارەت بە ژمارەی منداڵکانیان وەڵامیان داوەتەوە بە:١.٢.٣.. وە (٧) ئافرەت ژمارەی منداڵەکانیان (٤) بوو دەبێت یارمەتی و هاوکاریان بکرێت و منداڵەکانیان بخرێنە ژێر چاودێری لەهەموو لایەنێکەوە، بەشێکی زۆرییان وەڵامیان نەداوەتەوە ئەوانیش ئەو ئافرەتانە لە خۆدەگرێت کە هاوسەگیرییان نەکردووە یان منداڵیان نییە.

## ٥-تەمەنی منداڵەکان (بە ریزبەندی)

| تەمەنی منداڵەکان (بە ریزبەندی) | | ژمارەیان | ڕێژەی سەدی | ڕێژەی سەدی وەڵامدراوە | ڕێژەی سەدی کۆکراوە |
|---|---|---|---|---|---|
| وەڵامیان داوەتەوە | یەک ساڵ | ١ | ٢,٣ | ١٦,٧ | ١٦,٧ |
| | دوو ساڵ | ٣ | ٦,٨ | ٥٠,٠ | ٦٦,٧ |
| | سێ ساڵ | ١ | ٢,٣ | ١٦,٧ | ٨٣,٣ |
| | چوار ساڵ | ١ | ٢,٣ | ١٦,٧ | ١٠٠,٠ |
| | کۆی گشتی | ٦ | ١٣,٦ | ١٠٠,٠ | |
| وەڵامیان نەداوەتەوە | بێ وەڵام | ٣٨ | ٨٦,٤ | | |
| کۆی گشتی | | ٤٤ | ١٠٠,٠ | | |

خشتەی ژمارە -٥-

٥- لەم خشتەیەدا پرسیارمان لە تەمەنی منداڵەکانیان کردوو و ئەوانیش بەم شێوەیە وەڵامیان دایەوە هەروەك بەشێوەیەکی روون ئەوە دیارە کە تەمەنی منداڵەکانیان بچووکە.

### ٦-ئاستی خوێندەواری

| ئاستی خوێندەواری | | ژمارەیان | ڕێژەی سەدی | ڕێژەی سەدی وەڵامدراوە | ڕێژەی سەدی کۆکراوە |
|---|---|---|---|---|---|
| وەڵامیان داوەتەوە | سەرەتایی | ٢٠ | ٤٥,٥ | ٨٠,٠ | ٨٠,٠ |
| | ناوەندی | ٤ | ٩,١ | ١٦,٠ | ٩٦,٠ |
| | دواناوەندی | ١ | ٢,٣ | ٤,٠ | ١٠٠,٠ |
| | کۆی گشتی | ٢٥ | ٥٦,٨ | ١٠٠,٠ | |
| وەڵامیان نەداوەتەوە | بێ وەڵام | ١٩ | ٤٣,٢ | | |
| کۆی گشتی | | ٤٤ | ١٠٠,٠ | | |

خشتەی ژمارە-٦-

٦-سەبارەت بە ئاستی خوێندەواری ئەو ئافرەتانەی کە پرسیارمان لێکردوون بەم شێوەیە وەڵامیان داوەتەوە: (٢٠) ئافرەتیان لە ئاستی سەرەتایی بوون و (٤)یان لە ئاستی ناوەندی بوون تەنها یەکێك لە ئافرەتەکان لە ئاستی دواناوەندی بوو لەگەڵ ئەوەشدا (١٩) ئافرەت وەڵامیان نەداوەتەوە:

هەروەك دیارە ڕێژەیەکی زۆر لەو ئافرەتانە لە خوار تەمەنی (٢٠)ساڵییەوەن و لە ئاستی خوێندنی سەرەتایی دان و ئێستا لە خوێندن دابڕاون سەرەڕای ئەو نەهامەتییانەی کە هاتۆتە پێشیان لە خوێندنیش بێبەش بوون ئەمەش زیاتر وایان لێدەکات هەست بە تەنهایی و بێتاقەتی بکەن، بۆیە پێویستە لایەنی چاودێر بەردەوامیان بکەن لەخوێندن بەدابین کردنی پێداویستیەکانی خوێندنگە وەك مافێکی سەرەتایی بۆیان.

## ٧-شوێنی نیشتەجێبوونی ئێستا

| شوێنی نیشتەجێبوونی ئێستا | | ژمارەیان | ڕێژەی سەدی | ڕێژەی سەدی وەلامدراوە | ڕێژەی سەدی کۆکراوە |
|---|---|---|---|---|---|
| وەلامیان داوەتەوە | ئیسیان | ٥ | ١١,٤ | ١١,٤ | ١١,٤ |
| | باعدرێ | ٦ | ١٣,٦ | ١٣,٦ | ٥,٠٢ |
| | دەرەوەی کەمپی خانکێ | ٢ | ٤,٥ | ٤,٥ | .٢٩ |
| | شاریا | ٧ | ١٥,٩ | ١٥,٩ | ٥,٥٤ |
| | کەمپی خانکێ | ٣٢ | ٢,٣٥ | ٢,٣٥ | ٩٧,٧ |
| | کەمپی خانکێ و دەرەوەی کەمپ | ١ | ٢,٣ | ٢,٣ | ١٠٠,٠ |
| | کۆی گشتی | ٤٤ | ١٠٠,٠ | ١٠٠,٠ | |

خشتەی ژمارە-٧-

٧-شوێنی نیشتەجێبوونی ئێستا: بەشی زۆری ئەو ئافرەتانەی وەلامیان داوەتەوە لە کەمپی خانکێ ژیان بەسەر دەبەن و (٦) ئافرەت لە باعدرێ دەژین و (٥)یان لە ئیسیان دەژین و هەندێکیشیان لە دەرەوەی کەمپ دەژین، پێویستە خزمەتگوزاری سەرەتاییان بۆ دابین بکرێت و ئاسانکارییان بۆ بکرێت لە هەموو بوارێك ئەوانەی دەرەوەی کەمپەکان و ناوەوەی کەمپەکان.

## ٨-کار و پیشە

| کار و پیشە | | ژمارەیان | ڕێژەی سەدی | ڕێژەی سەدی وەلامدراوە | ڕێژەی سەدی کۆکراوە |
|---|---|---|---|---|---|
| وەلامیان داوەتەوە | کارکردن لە دوکان | ١ | ٢,٣ | ٢,٣ | ٢,٣ |
| | کارکردن لە ڕێکخراو | ١ | ٢,٣ | ٢,٣ | ٤,٥ |
| | چاودێری تەندروستی لە ڕێکخراو | ٢ | ٤,٥ | ٤,٥ | ٩,١ |
| | بەرگدوور | ٢ | ٤,٥ | ٤,٥ | ١٣,٦ |
| | نییە | ٣٥ | ٧٩,٥ | ٧٩,٥ | ٩٣,٢ |
| | شوێنی جلوبەرگ | ١ | ٢,٣ | ٢,٣ | ٩٥,٥ |
| | بەڕێوەبەر لە نەخۆشخانەی دهۆك | ١ | ٢,٣ | ٢,٣ | ٩٧,٧ |
| | بەڵێ | ١ | ٢,٣ | ٢,٣ | ١٠٠,٠ |
| | کۆی گشتی | ٤٤ | ١٠٠,٠ | ١٠٠,٠ | |

خشتەی ژمارە-٨-

کارکردن ئارامی بەمرۆڤ دەبەخشێت و وای لێدەکات خۆی نقوم بکات لەکارکردن و نارەحەتیەکانی بیر بچێتەوە، بۆیە پرسیاری ئەوەمان لێکردن کە ئایا لە ئێستادا خاوەن هیچ کار و پیشەیەکن؟ ژمارەیەکی کەمییان خاوەنکارن لە ئێستادا وەك (کارکردن لە دوکان و ڕێکخراو و بەرگدوور و ...هتد)، ئەوەش باری ژیانیان سووك دەکات و ئاسانکاریان بۆدەکات لەدابینکردنی بژێوییان، بەڵام ڕێژەی (٧٩,٩٪) لە ئافرەتەکان هیچ کار و پیشەیەکیان نییە ئەویش زۆربەیان تەمەنێکی بچووکییان هەیە و خاوەن بەهرەیەکی وا نین کە بتوانن کار بکەن و بەشێك لەو ناخۆشی و کارەساتانەی کە لە ڕابردوو بەسەرییان هاتووە لە بیری بکەن لە ڕێگای سەرقاڵبوونیان بە کارێکەوە.

**٩-ماوەی دەست بەسەرکراوی:**

| ماوەی دەست بەسەرکراوی | | ژمارەیان | ڕێژەی سەدی | ڕێژەی سەدی وەڵامدراوە | ڕێژەی سەدی وەڵام نەدراوە |
|---|---|---|---|---|---|
| بێ وەڵام | | ١ | ٢,٣ | ٢,٣ | ٢,٣ |
| وەڵامیان داوەتەوە | ١ ساڵ | ٥ | ١١,٤ | ١١,٤ | ١٣,٦ |
| | ١ مانگ | ٣ | ٦,٨ | ٦,٨ | ٢٠,٥ |
| | ١٥ ڕۆژ | ١ | ٢,٣ | ٢,٣ | ٢٢,٧ |
| | ٢ ساڵ و ٦ مانگ | ١ | ٢,٣ | ٢,٣ | ٢٥,٠ |
| | ٣ مانگ | ٣ | ٦,٨ | ٦,٨ | ٣١,٨ |
| | ٣ ساڵ | ١٢ | ٢٧,٣ | ٢٧,٣ | ٥٩,١ |
| | ٣ ساڵ و ٤ مانگ | ١ | ٢,٣ | ٢,٣ | ٦١,٤ |
| | ٣ ساڵ و ٥ مانگ | ١ | ٢,٣ | ٢,٣ | ٦٣,٦ |
| | ٤ مانگ | ٢ | ٤,٥ | ٤,٥ | ٦٨,٢ |
| | ٤ ساڵ | ١ | ٢,٣ | ٢,٣ | ٧٠,٥ |
| | ٥ مانگ | ٢ | ٤,٥ | ٤,٥ | ٧٥,٠ |
| | ٦ مانگ | ١ | ٢,٣ | ٢,٣ | ٧٧,٣ |
| | ٨ مانگ | ١ | ٢,٣ | ٢,٣ | ٧٩,٥ |
| | ٩ مانگ | ٧ | ١٥,٩ | ١٥,٩ | ٩٥,٥ |
| | دوو ساڵ | ٢ | ٤,٥ | ٤,٥ | ١٠٠,٠ |
| | کۆی گشتی | ٤٤ | ١٠٠,٠ | ١٠٠,٠ | |

**خشتەی ژمارە-٩-**

## ٩- ماوەی دەستبەسەرکراوی:

ئەو ئافرەتە ئێزیدییانەی کە کەوتبوونە ژێر دەسەڵاتی ستەمکاری داعش ماوەیەکی کەم تا زۆر لەژێر دەسەڵاتیان مابوونەوە تیایاندا بووە تاکو (٤) ساڵ لە ژێر دەستیاندا مابووەوە و هەبوو (٣) ساڵ کەمترینیان (٣) مانگ بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر تەنانەت یەك رۆژیش بێت بەشی ئەوە ئازار و مەینەتییان بینیووە کە کاریگەری لەسەر تەواوی ژیانیان هەبێت و بەردەوام وەك کابووسێك لە بیریاندا بێت، چونکە ئافرەت وای لێدێت متمانەی بەرەگەزی بەرامبەر نەمێنێت و هەمیشە وەك درندەیەك سەیری دەکات و ئارەزووی ژیانکردنیان نامێنێت، تەنانەت بەشێکیان هەوڵی خۆکوشتن دەدەن و یان بەدەست رووخانی دەروونیان دەناڵێنن. .

## ١٠-ئایا گەشتت کردووە بۆ دەرەوەی عێراق؟

| ئایا گەشتت کردووە بۆ دەرەوەی عێراق؟ | | ژمارەیان | ڕێژەی سەدی | ڕێژەی سەدی وەڵامدراوە | ڕێژەی سەدی کۆکراوە |
|---|---|---|---|---|---|
| وەڵامیان داوەتەوە | بەڵێ | ٢٣ | ٥٢,٣ | ٥٢,٣ | ٥٢,٣ |
| | نەخێر | ٢١ | ٤٧,٧ | ٤٧,٧ | ١٠٠,٠ |
| | کۆی گشتی | ٤٤ | ١٠٠,٠ | ١٠٠,٠ | |

خشتەی ژمارە-١٠-

١٠-لێرەدا ئەو پرسیارەمان ئاراستەی ئەو ئافرەتانە کرد کە رزگاربووی ژێر دەستی داعش بوون کە ئایا گەشتتان کردووە بۆ دەرەوەی عێراق؟ هەروەك لە خشتەکەدا روونە کەوا لە کۆی (٤٤) ئافرەتدا (٢٣) ئافرەتیان بە بەڵێ وەڵامیان داوەتەوە و (٢١) یان بە نەخێر، لێرەدا کە ئەوانەی بە بەڵێ وەڵامیان داوەتەوە ئەو ئافرەتانەن کەوا بەبێ ویستی خۆیان براوان بۆ دەرەوەی عێراق.

فتاة يزيدية هاربة من داعش: 3000امرأة تتعرض للأغتصاب يوميا على يد تنظيم داعش

یە کێك لەژنە رزگاربووانی ژێر دەسەڵاتی داعش لەمیانەی بەشداربووانی راپرسیەکەمان بۆی گێڕاینەوە: کەوا گرووپی توندڕەوی داعش لەساڵی 2014 لەگەڵ کۆمەڵێك ئافرەتێکی دی هەموو پیاوەکانیان کوشتن و دوای ئەوە بردمیان بۆ شوێنی ئەبوبەکر بەغدادی. دواتر گواستیانەوە بۆ رەقە کەوا خەڵکی زۆری لێ بوو دواتر بردمیان بۆ لای پیاوێك بەناوی احمد کە سووری بوو منی کڕی بوو 15رۆژ لایبووم، هەروەها ئاماژەی بەوەدا کەوا کۆمەڵێك 6117 ژنە ئێزیدیەکان لەکوردستان بردران و 3000 ژن لەلایەن ئەم گرووپە وەك کاڵایەك کڕین و فرۆشتنیان پێ دەکرا و رووبەرووی دەستدرێژی نامرۆڤانە بووینەوەو نامرۆڤانە لێیان دەدراین، تائێستا خوشکم ونە و هیچ سۆراغێك دەربارەی باوکم نییە، هەرگیز ناتوانم ئەو رووداوانە لەبیرکەم کە بەسەرم هاتووە زۆر دەترسم، هەمیشە شوێنی نیشتەجێبوونم دەگۆڕم تا رووداوەکان لەبیر کەم بەس ناتوانم .

## ١١-ئەگەر وەڵامەکەت بەڵێ یە، بۆ کوێ گەشتت کردووە؟

| بۆ کوێ گەشتت کردووە؟ | | ژمارەیان | ڕێژەی سەدی | ڕێژەی سەدی وەڵامدراوە | ڕێژەی سەدی کۆکراوە |
|---|---|---|---|---|---|
| بێ وەڵام | | ٢٣ | ٥٢,٣ | ٥٢,٣ | ٥٢,٣ |
| وەڵامیان داوەتەوە | ئەڵمانیا | ١ | ٢,٣ | ٢,٣ | ٥٤,٥ |
| | ڕەقە | ٣ | ٦,٨ | ٦,٨ | ٦١,٤ |
| | سوریا | ١٦ | ٣٦,٤ | ٣٦,٤ | ٩٧,٧ |
| | میادی | ١ | ٢,٣ | ٢,٣ | ١٠٠,٠ |
| | کۆی گشتی | ٤٤ | ١٠٠,٠ | ١٠٠,٠ | |

خشتەی ژمارە -١١-

١١-وەکو پێشتر ئەوەمان بۆ دەرکەوت کە ئایا گەشتیان کردووە بۆ دەرەوەی وڵات سەبارەت بەو شوێنەی کە گەشتیان بۆ کردووە لە کۆی (٢١) ئافرەت کە وەڵامیان داینەوە (١٦)یان بۆ سووریا برداراون و (٣) یان بۆ ڕەقە و یەکێکیان بۆ ئەڵمانیا گەشتی کردووە و ئافرەتێکیشیان بۆ میادی، لێرەدا تێدەگەین کەوا سەرەڕای ئەوەی کە لای چەکدارانی داعش دەست بەسەرکرابوون بۆ دەرەوەی عێراقیش بردرابوون و کڕین وفرۆشتنیان پێکراوە و دەستدرێژیان کراوەتەسەر، بۆیە لەبارودۆخی سەخت دەژین ئەوەش لە کەسوکار و هاوسەر و منداڵەکانیان دوورکەوتوونەتەوە.

## ١٢- ئایا لەگەڵ نزیکەکانت دەژیت؟

| ئایا لەگەڵ نزیکەکانت دەژیت؟ | | ژمارەیان | ڕێژەی سەدی | ڕێژەی سەدی وەڵامدراوە | ڕێژەی سەدی کۆکراوە |
|---|---|---|---|---|---|
| وەڵامیان داوەتەوە | بەڵێ | ٤١ | ٩٣,٢ | ٩٧,٦ | ٩٧,٦ |
| | نەخێر | ١ | ٢,٣ | ٢,٤ | ١٠٠,٠ |
| | کۆی گشتی | ٤٢ | ٩٥,٥ | ١٠٠,٠ | |
| وەڵامیان نەداوەتەوە | بێ وەڵام | ٢ | ٤,٥ | | |
| کۆی گشتی | | ٤٤ | ١٠٠,٠ | | |

خشتەی ژمارە-١٢-

١٢-ئەو ئافرەتانەی کە ئێمە بۆ ڕاپرسیەکەمان گفتوگۆمان لەگەڵ کردوون ئێستا گەڕاونەتەوە لای کەسوکارییان و ژیانیان لەگەڵ بەسەر دەبەن و کە ڕێژەیان (٪٩٣,٢)ە، ئەوەش هەتا ڕادەیەك جێگای خۆشحاڵییە کە گەڕاونەتەوە و لای خزم و کەسوکاریان دەژین. هەرچەندە ناتوانن بەشێوەی ئاسایی ژیان بکەنەوە لەگەڵیان، هەمیشە لەترس و کابووسی ڕابردوویان لەیادە، ئەو چەند ئافرەتەی کە ماونەتەوە یەکێك لەوان ئێستاش لەگەڵ نزیکەکانی ناژی بەجۆرێك دابڕێنراون لەژیان تەنها ویستیان ئەوەیە بەتەنها بژین و جۆرێك تووشی نەخۆشی بوون و (٢)یانیش لەوان وەڵامیان نەداوەتەوە. بەشێکیان لەگەڵ هاوسەر و منداڵەکانیان دەژین و هەندێکیان لای داپیرەیان و هەیانە لای مام و خوشك و براکانیان دەژین.

١٣-کێن ئەوان؟

| کێن ئەوان؟ | | ژمارەیان | ڕێژەی سەدی | ڕێژەی سەدی وەڵامدراوە | ڕێژەی سەدی کۆکراوە |
|---|---|---|---|---|---|
| بێ وەڵام | | ٨ | ١٨,٢ | ١٨,٢ | ١٨,٢ |
| وەڵامیان داوەتەوە | دایك و براكانم | ٣ | ٦,٨ | ٦,٨ | ٢٥,٠ |
| | باوك | ١ | ٢,٣ | ٢,٣ | ٢٧,٣ |
| | نەوەكانم | ١ | ٢,٣ | ٢,٣ | ٢٩,٥ |
| | هاوسەرەكەم | ٣ | ٦,٨ | ٦,٨ | ٣٦,٤ |
| | هاوسەر و منداڵەكانم | ٤ | ٩,١ | ٩,١ | ٤٥,٥ |
| | خێزانەكەم | ٩ | ٢٠,٥ | ٢٠,٥ | ٦٥,٩ |
| | خوشكەكەم | ١ | ٢,٣ | ٢,٣ | ٦٨,٢ |
| | برایەكەم | ١ | ٢,٣ | ٢,٣ | ٠,٥٧ |
| | دایكی هاوسەرەكەم و كچەكەم | ١ | ٢,٣ | ٢,٣ | ٢,٧٧ |
| | كورەكەم | ١ | ٢,٣ | ٢,٣ | ٥,٠٧ |
| | دایك و باوكم | ٢ | ٤,٥ | ٤,٥ | ٧٩,٥ |
| | هاوسەر و كورەكەم | ١ | ٢,٣ | ٢,٣ | ٨٨,١ |
| | دایك و باوك و خوشكەكانم | ١ | ٢,٣ | ٢,٣ | ٨٨,٤ |
| | منداڵەكانم | ٢ | ٤,٥ | ٤,٥ | ٨٨,٦ |
| | داپیرەم | ٢ | ٢,٣ | ٢,٣ | ٩٣,٢ |
| | داپیرەم و خوشكەكەم | ١ | ٢,٣ | ٢,٣ | ٩٥,٥ |
| | مامم | ١ | ٢,٣ | ٢,٣ | ٩٧,٧ |
| | دایك و باوك و براكانم | ١ | ٢,٣ | ٢,٣ | ١٠٠,٠ |
| | كۆی گشتی | ٤٤ | ١٠٠,٠ | ١٠٠,٠ | |

خستەی ژمارە-١٣-

## ١٤-ژیانت ئێستا باشترە یان پێش ئازادبوون؟

| ژیانت ئێستا باشترە یان پێش ئازادبوون؟- | | ژمارەیان | رێژەی سەدی | رێژەی سەدی وەڵامدراوە | رێژەی سەدی کۆکراوە |
|---|---|---|---|---|---|
| | ئێستا | ٤٢ | ٩٥,٥ | ٩٥,٥ | ٩٥,٥ |
| | پێشتر | ٢ | ٤,٥ | ٤,٥ | ١٠٠,٠ |
| | کۆی گشتی | ٤٤ | ١٠٠,٠ | ١٠٠,٠ | |

خشتەی ژمارە-١٤-

ژیانکردن لەژێر هەڕەشەو ترس و تۆقاندن مرۆڤ تووشی داڕمانی هەستی ئارامی دەکات، هەرچەند زووتر لە ژێر دەستی چەکدارانی داعش رزگاریان بووایە درەنگ بوو بۆ ئەوان، چونکە ئەو ماوەیەی کە لای ئەوان بوونە ژیان نەبووە بۆ ئەوان هەر چرکەیەکی پڕ بووە لە مەینەتی و یادەوەری ناخۆش بۆیان، بۆیە زۆری هەرە زۆریان لە ئێستای ژیانیان رازین و تەنها دوو ئافرەت لە کۆی (٤٤) یان بە نەخێر وەڵامی داوەتەوە بە دڵنیاییەوە مەبەستی لەوە کە پێش ئەوەی بکەوێتە ژێر دەستی ئەو چەکدارانە ژیانی خۆشتر بووە.

هەروەك لە وەڵامی ئەو ئافرەتانەوە دیارە کە بە زاری خۆیان باس لەوە دەکەن کە ژیانی ئێستایان باشترە و هەریەکەیان بە چەند وشەیەك باسی لە هۆکارەکەی کردووە، بەڵام هەموو هۆکارەکان خۆیان لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەبیننەوە:

١-گەڕانەوە و شادبوونەوە بە منداڵ و هاوسەر و کەسوکاریان و دووبارە ژیان لەگەڵیان.

٢- دروست بوونەوەی سادەترین مافی مرۆڤ کە ئەویش ئارامی و ئاسایشە بۆ ژیانیان.

ئەوەی جێگای سەرنج دان بێت ئەوە بوو کە کاتێك باسی هۆکاری ئەوە دەکەن کەوا ژیانیان ئێستا باشترە لە پێشتر، بەشێوەیەك باسی ئارامی و ئاسایشیان دەکرد وەك ئەوەی شتێك بێت و چاکیەیەك بووبێت لەگەڵیان کرابێت لە کاتێکدا کە ئەوانە سادەترین و سەرەتاترین مافن کە هەموو تاکێك پێویستی پێیەتی، بەڵام بە جۆرێك لەو مافانە دابڕاون کە ئێستا زیاتر وەك دەستکەوتێك و چاکەکردنێك لەگەڵین و دەبینن بۆ ئەوەی ئەم بیرکردنەوەی نەبێت. پێویستە لەسەر کۆمەڵگەی میواندار و رێکخراوە خێرخوازیەکان چاودێری وردی تەندروستی و دەروونی ئەو ژنانە بکەن.

١وەك دیارە لەو خشتەی خوارەوە ئاشتی و ئاسایشی و ئازادی لەپێویسترین ئارەزوویان بووە بۆ ژیانکردن دوای ڕزگاربوونیان و ژیانکردن لەگەڵ ئازیزانیان کەمێك ئارامی پێداون دوای ترسێکی زۆر دابڕانیان لێیان، بەڵام بەشێکی تریان لەخراپی باری گوزەران و بێ ئۆقرەن ژیانیان لاناخۆشە.

| | بۆچی؟ | ژمارەیان | ڕێژەی سەدی | ڕێژەی سەدی وەڵامدراوە | ڕێژەی سەدی کۆکراوە |
|---|---|---|---|---|---|
| وەڵامیان | بێ وەڵام | ٣٠ | ٦٨,٢ | ٦٨,٢ | ٦٨,٢ |
| | لەگەڵ خێزانەکەم بە ئاشتی و ئازادی دەژیم | ١ | ٢,٣ | ٢,٣ | ٧٠,٥ |
| | لەکۆمەڵگاکەم بە ئاشتی و ئازادی دەژیم | ١ | ٢,٣ | ٢,٣ | ٧٢,٧ |
| | لەگەڵ باوکم لە ئاشتی دا دەژیم | ١ | ٢,٣ | ٢,٣ | ٧٥,٠ |
| | لەگەڵ خێزانەکەم لە ئاشتی دا دەژیم | ١ | ٢,٣ | ٢,٣ | ٧٧,٣ |
| | لە ئاشتی و ئازادیدا دەژیم | ١ | ٢,٣ | ٢,٣ | ٧٩,٥ |
| | لە ئاشتی و ئازادیدا دەژیم و هیواخوازم منداڵەکەم بگەڕێتەوە | ١ | ٢,٣ | ٢,٣ | ٨١,٨ |
| | لەترس ڕزگارمان بووە و لەگەڵ بەشێك لە نزیکەکانم دەژیم | ١ | ٢,٣ | ٢,٣ | ٨٤,١ |
| | ڕزگارمان بووە لە داعش | ١ | ٢,٣ | ٢,٣ | ٨٦,٤ |
| | ئێستا لە ئازادی دەژیم | ١ | ٢,٣ | ٢,٣ | ٨٨,٦ |
| | ئێستا لەگەڵ خێزانەکەم بەئازادی دەژیم | ١ | ٢,٣ | ٢,٣ | ٩٠,٩ |
| | لەگەڵ خێزانەکەم بەئازادی دەژیم | ١ | ٢,٣ | ٢,٣ | ٩٣,٢ |
| | بە ئازادی و ئاشتی دەژیم و هەموو هیوام ئەوەیە خێزانەکەم بگەڕێنەوە و ئازاد بم | ١ | ٢,٣ | ٢,٣ | ٩٥,٥ |
| | هاوسەرەکەم نەماوەو هیچ موچەیەکم نییە و هیچ شتێکم دابین کراوم نییە | ١ | ٢,٣ | ٢,٣ | ٩٧,٧ |
| | چونکە خێزانەکەم لەدەست داوە | ١ | ٢,٣ | ٢,٣ | ١٠٠,٠ |
| | کۆی گشتی | ٤٤ | ١٠٠,٠ | ١٠٠,٠ | |

خشتەی ژمارە-١٥-

١٦-ئایا بڕوات بە کۆمەڵگایەك هەیە کە لەسەر بنەمای ڕێزگرتنی بەرامبەر بنیات بنرێت؟

| | | ژمارەیان | ڕێژەی سەدی | ڕێژەی سەدی وەڵامدراوە | ڕێژەی سەدی کۆکراوە |
|---|---|---|---|---|---|
| وەڵامیان داوەتەوە | بەڵێ | ٣٨ | ٨٦,٤ | ٨٦,٤ | ٨٦,٤ |
| | هەتا رادەیەك | ٦ | ١٣,٦ | ١٣,٦ | ١٠٠,٠ |
| | کۆی گشتی | ٤٤ | ١٠٠,٠ | ١٠٠,٠ | |

خشتەی ژمارە-١٦-

هەر تاکێك لە کۆمەڵگە خاوەن چەندین ماف و تایبەتمەندییە کە پەیوەستە بە خۆی و پێویستیشە لەسەر هەموو لایەك ڕێز لەو ماف و تایبەتمەندییانە بگرێت بەبێ جیاوازی کردن لە نێوان رەگەز و ئایین و رەنگ و ...هتد. وەڵامی ئەو ئافرەتانەی کە بەشداربوون لە راپرسیەکەمان لەگەڵ ئەوەدان کەوا کۆمەڵگایەك لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لە یەکتر بنیات بنرێ سەرکەوتوو دەبێت و ژیان کردن لەو کۆمەڵگایە ئارامی و ئاسودەیی باشتر لە خۆی دەگرێت.

١٧-ئایا کۆمەڵگای ئێزیدی مافەکانی کەسی دەپارێزێت؟

| ئایا کۆمەڵگای ئێزیدی مافەکانی کەسی دەپارێزێت؟ | | ژمارەیان | ڕێژەی سەدی | ڕێژەی سەدی وەڵامدراوە | ڕێژەی سەدی کۆکراوە |
|---|---|---|---|---|---|
| وەڵامیان داوەتەوە | بەڵێ | ٢٨ | ٦٣,٦ | ٦٣,٦ | ٦٣,٦ |
| | نەخێر | ٤ | ٩,١ | ٩,١ | ٧٢,٧ |
| | هەتا رادەیەك | ١٢ | ٢٧,٣ | ٢٧,٣ | ١٠٠,٠ |
| | کۆی گشتی | ٤٤ | ١٠٠,٠ | ١٠٠,٠ | |

خشتەی ژمارە-١٧-

کۆمەڵگای ئێزیدی وەك هەر کۆمەڵگەیەك و ئایینێك چەندین تایبەتمەندی و کولتوری تایبەت بەخۆی هەیە. ئەوەی بۆ ئێمە گرنگ بوو ئەوەبوو کە دڵنیا ببینەوە لەوەی ئایا خودی تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیە لەو کولتوور و رێکارییانەی ئایین و کۆمەڵگاکەیان رازین و ئاسوودەن، هەر بۆیەش ئەو پرسیارەمان ئاراستە کردن و زۆربەیان بە بەڵێ وەڵامیان دایەوە ئەوەش مانای رازین و ئاسوودەن بەو کولتوور و ماف و تایبەتمەندییانەی بۆیان دەستەبەر کراوە.

### ١٨-ئایا کۆمەڵگایەك کە لەسەر بنەمای پابەندبوون بە ئایین بنیات بنرێت باشترە لە کۆمەڵگایەکی تر؟

| ئایا کۆمەڵگایەك کە لەسەر بنەمای پابەندبوون بە ئایین بنیات بنرێت باشترە لە کۆمەڵگایەکی تر؟ | | ژمارەیان | رێژەی سەدی | رێژەی سەدی وەڵامدراوە | رێژەی سەدی کۆکراوە |
|---|---|---|---|---|---|
| وەڵامیان داوەتەوە | بەڵێ | ٢١ | ٤٧,٧ | ٤٧,٧ | ٤٧,٧ |
| | نەخێر | ٧ | ١٥,٩ | ١٥,٩ | ٦٣,٦ |
| | هەتا رادەیەك | ١٦ | ٣٦,٤ | ٣٦,٤ | ١٠٠,٠ |
| | کۆی گشتی | ٤٤ | ١٠٠,٠ | ١٠٠,٠ | |

خشتەی ژمارە-١٨-

هەروەك دیارە هەر ئایینێك خاوەن بنەما و رێسای تایبەتە و لەسەر پەیڕەوانی پێویستە پابەندبن پێیەوە لەو کۆمەڵگەیەی کە تێیدان و هەندێ کۆمەڵگە جیاوازن و لە چەندین ئایین پێکهاتووە و هەمووی تێدا کۆبۆتەوە، بەڵام لەدیدی ئاوارەکان چونکە رووبەڕووی دەستدرێژی بوونەتەوە بەهۆی ئایینێکی دیاریکراو کە گرووپی توندڕەوی داعش ئایینیان خراپ خستە بەرچاویان، لەکۆی (٤٤) ئافرەت (٢١) پێی باشتر بووە و (١٦)یان هەتا رادەیەك پێیان باشتر بووە و (٧) ئافرەت بە نەخێر وەڵامی داینەوە.

### ١٩-ئایا ژیان کردن لە ناو ئایینە جیاوازەکان باشترە؟

| ئایا ژیان کردن لەناو ئایینە جیاوازەکان باشترە؟ | | ژمارەیان | رێژەی سەدی | رێژەی سەدی وەڵامدراوە | رێژەی سەدی کۆکراوە |
|---|---|---|---|---|---|
| وەڵامیان داوەتەوە | بەڵێ | ٨ | ١٨,٢ | ١٨,٢ | ١٨,٢ |
| | نەخێر | ١٩ | ٤٣,٢ | ٤٣,٢ | ٦١,٤ |
| | هەتا رادەیەك | ١٧ | ٣٨,٦ | ٣٨,٦ | ١٠٠,٠ |
| | کۆی گشتی | ٤٤ | ١٠٠,٠ | ١٠٠,٠ | |

خشتەی ژمارە-١٩-

لە پێکهاتەی هەر کۆمەڵگەیەك کەم تا زۆر ئایینی جیاواز بوونی هەیە و بێگومان سەرکەوتن و سەرنەکەوتنی ئەو کۆمەڵگەیە پەیوستە بە رادەی توانای قبوڵکردنی راو بۆچوون و ئایینی تاکی بەرامبەر. لێرەدا توانای قبوڵکردنی پەیڕەوانی ئێزیدیمان بۆ دەردەکەوێت هەتا رادەیەك بەشێوەیەکی یەکسان وەڵامیان داینەوە رێژەی (١٨,٢) بە بەڵێ وەڵامیان داوینەوە و رێژەی (٤٣,٢) رایان لەگەڵ ئەوە نەبووە ژیان لەگەڵ ئایینە جیاوازەکان باشترە و ئەوانش کە هەتا رادەیەك پێیان باش بووە رێژەکەیان (٣٨,٦) بوو.
هۆکاری ئەوەی بەشێکیان توانای قبوڵکردنی یاخود ئامادەیی ئەوەیان نییە کە لە کۆمەڵگایەك و لەگەڵ ئایینی جیاجیا بژین ئەوەیە ئەو ژیانەی لەگەڵ گرووپی توندڕەوی داعش بەرێیان کردووە و ئایینی ئیسلامیان بەشێوەیەکی ناڕاست و توندڕەوانە نیشان داون ئەوەش وای لێیان کردووە بیرکردنەوەیان بەرامبەر ئایینی جیا لە ئایینی خۆیان بیرکرنەوەیەکی نەرێنیانە بێت هەڵوێستی باشیان سەبارەت بەوپرسە نیشان نەدا وەك لە وەڵامیان دیارە.

٢٠-ئایا مرۆڤ بە تێپەڕبوونی کات دەگۆڕدرێت؟

| ئایا مرۆڤ بە تێپەڕبوونی کات دەگۆڕدرێت؟ | | ژمارەیان | رێژەی سەدی | رێژەی سەدی وەڵامدراوە | رێژەی سەدی کۆکراوە |
|---|---|---|---|---|---|
| وەڵامیان داوەتەوە | بەڵێ | ٢٧ | ٦١,٤ | ٦١,٤ | ٦١,٤ |
| | نەخێر | ١٣ | ٢٩,٥ | ٢٩,٥ | ٩٠,٩ |
| | هەتا رادەیەك | ٤ | ٩,١ | ٩,١ | ١٠٠,٠ |
| | کۆی گشتی | ٤٤ | ١٠٠,٠ | ١٠٠,٠ | |

خشتەی ژمارە-٢٠-

سروشتی مرۆڤ وایە بەردەوام لە گۆڕاندایە بە تێپەڕبوونی کات بەشێوەیەکی ئاسایی و هەتا رادەیەکیش لە توانای مرۆڤ دایە کەوا خۆی لەگەڵ بارودۆخەکەدا بگونجێنێت، بەلاَم ئەو رووداوە لەبیر نەکراوانە و کارەساتە دڵتەزێنانەی بەسەر ئافرەتانی ژێر دەسەڵاتی تیرۆریستانی داعش دا هاتووە بواری ئەوەی نەداوە بەو ئافرەتانە بتوانن لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەریان هاتووە بگونجێن یاخود ئەسڵەن بتوانن قبووڵی بکەن، ئەگەر لە نزیکەوە لەگەڵ ئەو ئافرەتانە قسە بکەیت زۆر بە روونی هەست پێدەکەین کەوا گۆڕانکارییەکی وایان بەسەر هاتووە کەوا راهاتن و قبووڵکردنی ئاسان نییە و هێز و ئیرادەیەکی بەهێزی دەوێت و شایانی باسکردنە کە ژینگەیەکی لەباریشی دەوێت بۆ ئەوەی دووبارە ئەو ئافرەتانە بتوانن بگەڕێنەوە سەر ژیانی ئاسایی خۆیان، بەلاَم هەرچەندە بیانەوێت راهاتنیان زۆر بۆیان سەختە.

## ٢١- ئایا دەتوانی رابردوو لە بیر بکەی؟

| ئایا دەتوانی رابردوو لە بیر بکەی؟ | | ژمارەیان | ڕێژەی سەدی | ڕێژەی سەدی وەڵامدراوە | ڕێژەی سەدی کۆکراوە |
|---|---|---|---|---|---|
| وەڵامیان داوەتەوە | بەڵێ | ٤ | ٩,١ | ٩,١ | ٩,١ |
| | نەخێر | ٣٥ | ٧٩,٥ | ٧٩,٥ | ٨٨,٦ |
| | هەتا رادەیەک | ٥ | ١١,٤ | ١١,٤ | ١٠٠,٠ |
| | کۆی گشتی | ٤٤ | ١٠٠,٠ | ١٠٠,٠ | |

**خشتەی ژمارە-٢١-**

لەبیرکردنی رابردوو و ئەو رووداوانەی لە رابردوودا روویان داون پەیوەستە بە ئیرادەی هەر کەسێکەوە، بەڵام بە دڵنیاییەوە پشت بە بارودۆخی ئەو کەسەوە دەبەستێت. لێرەدا مەبەستمان ئەوەیە کە ئایا ئەو ئافرەتانەی لە ژێر ستەم و زۆرداری چەکدارانی داعش رزگاریان بووە لە ئێستادا ژینگەکەیان بەو رادەیە لەبارە کە بتوانن هەتا ئەگەر کەمێکیش بێت لە رابردووە سەختەی بەسەریان بردووە لەبیربکەن؟ ئەمەش لە وەڵامی راستەخۆی ئەو ئافرەتانەوە بۆمان دەردەکەوێت کە بەشداربوون لە راپرسییەکەمان هەروەک لە خشتەی ژمارە (٢١)ەوە دیارە کە ڕێژەی **٧٩,٥** لەسەدا ناتوانن ئەو رابردووە سەختە لەبیر بکەن، چونکە ئەوە سەپاندنی مردن بوو لە لایەن داعش بۆ کچان و ژنانی ئێزدییەکان کەوا ئابڕوویان لەناوبردن و وایان لێکردن هەست بە بۆشایی بکەن لەناو ژیانیان و بە ڕێژەی (**٩,١**) خۆشبەختانە پێیان وایە کە لە توانایان دایە لە بیری بکەن.

## ٢٢- ئایا ترست هەیە لە داهاتوو؟

| ئایا ترست هەیە لە داهاتوو؟ | | ژمارەیان | ڕێژەی سەدی | ڕێژەی سەدی وەڵامدراوە | ڕێژەی سەدی کۆکراوە |
|---|---|---|---|---|---|
| وەڵامیان داوەتەوە | بەڵێ | ٣٠ | ٦٨,٢ | ٦٨,٢ | ٦٨,٢ |
| | نەخێر | ٧ | ١٥,٩ | ١٥,٩ | ٨٤,١ |
| | هەتا رادەیەک | ٧ | ١٥,٩ | ١٥,٩ | ١٠٠,٠ |
| | کۆی گشتی | ٤٤ | ١٠٠,٠ | ١٠٠,٠ | |

**خشتەی ژمارە-٢٢-**

لە وەڵامی پرسیاری ئایا ترست لە داهاتوو هەیە کە ئاراستەی ئافرەتانی رزگاربوومان کرد کە ئایا لە ئێستادا ترست هەیە لە داهاتوو؟ لە کۆی (٤٤) ئافرەتدا (٣٠) یان بە بەڵێ وەڵامیان داینەوە و (٧) ئافرەت لە ئێستادا بە خۆشحاڵیەوە هیچ ترسێکیان نییە لە داهاتوو ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کەوا ژیان و گوزەرانیان تا رادەیەک باشتر بووە، بەڵام جێگای بایەخ پێدانە کە ڕێژەی هەرە زۆرییان تاکو ئێستاش ترس لە داهاتوو لە دڵییان دا هەیە کە ئەویش خۆی لەمە لە خاڵانەی خوارەوەدا دەگرێتەوە:

١-ترس لە دیدی كۆمەڵگا و تێڕوانینی كۆمەڵگا بۆیان كە بە چ چاوێك لێیان دەڕوانن و ئایا قبووڵ دەكرێنەوە و وەك هەر تاكێكی ئاسایی كۆمەڵگا سەیر دەكرێن یاخود نا؟

٢-ترس لەوەی دووبارە بە هەمان ئەو ڕووداو و ناخۆشیانە تێپەڕ ببنەوە كە لە رابردوودا بەسەریان هاتووە.

## ٢٣-ئایا رەشبینی لە ژیان؟

| ئایا رەشبینی لە ژیان؟ | | ژمارەیان | ڕێژەی سەدی | ڕێژەی سەدی وەڵامدراوە | ڕێژەی سەدی كۆكراوە |
|---|---|---|---|---|---|
| وەڵامیان داوەتەوە | بەڵێ | ٢٩ | ٦٥,٩ | ٦٥,٩ | ٦٥,٩ |
| | نەخێر | ٨ | ١٨,٢ | ١٨,٢ | ٨٤,١ |
| | هەتا رادەیەك | ٧ | ١٥,٩ | ١٥,٩ | ١٠٠,٠ |
| | كۆی گشتی | ٤٤ | ١٠٠,٠ | ١٠٠,٠ | |

خشتەی ژمارە-٢٣-

تێڕوانینی هەر كەسێك بۆ ژیان جیاوازە و بەستراوە بە بەو ژیانەی ئەو كەسە تا ئێستا بەڕێی كردووە لە روانگەی دیدی ئەو ئافرەتانەوە ژیان هیچ جوانییەكی بۆ نەهێشتونەتەوە، هەمیشە ترسیان هەیە لە داهاتوو و ئومێدێكیان بۆ ژیان نەماوە. بۆیە لەسەر حكومەت و ڕێكخراوەكانی مافی مرۆڤ و پاراستنی ئافرەت پێویستە دووبارە ژیان بۆ ئەو ئافرەتانە بگەڕێننەوە. هەروەك لە وتەكانی خۆیان بە ڕوونی دیارە كە ڕێژەی (٦٥,٩) لە سەدی بەرامبەر ژیان ڕەشبینن و (١٥,٩) تا رادەیەك رەشبینن (١٨,٢) لە سەدی ئەو ئافرەتانە تێڕوانینیان بۆ ژیان گەشبینانەیە ئەوە هەوڵی خۆگونجاندن دەدەن بۆیە تێڕوانینیان گەشبینە.

## ٢٤-ئایا بیرت لە خۆكوشتن یان مردن كردۆتەوە؟

| ئایا بیرت لە خۆكوشتن یان مردن كردۆتەوە؟ | | ژمارەیان | ڕێژەی سەدی | ڕێژەی سەدی وەڵامدراوە | ڕێژەی سەدی كۆكراوە |
|---|---|---|---|---|---|
| وەڵامیان داوەتەوە | بەڵێ | ١٩ | ٤٣,٢ | ٤٣,٢ | ٤٣,٢ |
| | نەخێر | ٢٤ | ٥٤,٥ | ٥٤,٥ | ٩٧,٧ |
| | هەتا رادەیەك | ١ | ٢,٣ | ٢,٣ | ١٠٠,٠ |
| | كۆی گشتی | ٤٤ | ١٠٠,٠ | ١٠٠,٠ | |

خشتەی ژمارە-٢٤-

ژیان جوانترین نیعمەتە هەر ساتێك و تەمەنێك بۆ تایبەتمەندی خۆی هەیە و خاوەن جوانی خۆیەتی هەموو كەسێك ژیانی خۆی خۆش دەوێ و هەموو كات پێیوایە مردن زووە بۆی، بەڵام ئەمە بۆ ئەو كەسانەیە كە ژیان بە مانا راستەقینەكەی خۆی بگوزەرێنن نەوەك بۆ كەسانێك كە تاڵی و سەختی وایان بەسەر هاتووە كە ئیدی ئومێدێكیان بە ژیان نەماوە و توانای ئەوەشیان نییە ئەو ژیانە بەڕێ بكەن كە خودا پێیداون وای لێكردوون كە بیر لەوە بكەنەوە كە كۆتایی بە ژیانی خۆیان بێنن هەروەك لە وتەی خودی ئەو ئافرەتانەوە دیارە (١٩) ئافرەت بڕیاری ئەوەیان داوە كۆتایی بە ژیانیان بێنن. ئەوەش جێگای بایەخ پێدانە لە لایەن ڕێكخراو و دامەزراوەكانی پەیوەند بە ئافرەتان و مافەكانی مرۆڤ و هەوڵی جدی بدرێ بۆ باشتركردنی ژیانی ئەو ئافرەتانەو ئەوانەی هەمان بارودۆخیان هەیە.

## ٢٥-ئایا هەست بە ڕق دەكەیت بەرامبەر ئەو كەسانەی لە دەورووبەرت دەژین؟

| ئایا هەست بە ڕق دەكەیت بەرامبەر ئەو كەسانەی لە دەورووبەرت دەژین؟ | | ژمارەیان | ڕێژەی سەدی | ڕێژەی سەدی وەڵامدراوە | ڕێژەی سەدی كۆكراوە |
|---|---|---|---|---|---|
| وەڵامیان داوەتەوە | بەڵێ | ١٢ | ٢٧,٣ | ٢٧,٣ | ٢٧,٣ |
| | نەخێر | ١٩ | ٤٣,٢ | ٤٣,٢ | ٧٠,٥ |
| | هەتا رادەیەك | ١٣ | ٢٩,٥ | ٢٩,٥ | ١٠٠,٠ |
| | كۆی گشتی | ٤٤ | ١٠٠,٠ | ١٠٠,٠ | |

خشتەی ژمارە-٢٥-

هەر لەگەڵ ئەو پرسیارانەی ئاراستەی ئافرەتانی رزگاربوومان کرد پرسیاری ئەوەمان کرد ئایا هەست بە رق و کینە دەکەن بەرامبەر ئەو کەسانەی لە دەوروبەریان لە وەلامدا (١٢)بە بەڵێ وەلامیان داینەوە و (١٩) ئافرەت بە نەخێر وەلامیان داینەوە و (١٣)یان هەتا رادەیەك رقیان لە کەسانی دەوروبەرییان دەبێتەوە، ئەوش لەوەلامەکانیان دیارە کە دەوروبەریان رووبەڕووی توانجیان دەکەنەوە بۆ هەمیشە و رێزیان لێ ناگرن یان دەورروبەریان بێ ویستیان بەبیریان دێنەوە کەوا پاکیزەنین دووبارە دەیانگەرێنەوە هەمان بارودۆخی پێشوو کە پێشتر تێیدا ژیاون، بۆیە هەست بەرق دەکەن بۆ دەوروبەریان.

## ٢٦-ئایا هەست بەخەمباری دەکەی لەوەی ئێستا تێیدایت؟

| ئایا هەست بەخەمباری دەکەی لەوەی ئێستا تێیدایت؟ | | ژمارەیان | ڕێژەی سەدی | ڕێژەی سەدی وەڵامدراوە | ڕێژەی سەدی کۆکراوە |
|---|---|---|---|---|---|
| وەڵامیان داوەتەوە | بەڵێ | ٣٨ | ٨٦,٤ | ٨٦,٤ | ٨٦,٤ |
| | نەخێر | ١ | ٢,٣ | ٢,٣ | ٨٨,٦ |
| | هەتا رادەیەك | ٥ | ١١,٤ | ١١,٤ | ١٠٠,٠ |
| | کۆی گشتی | ٤٤ | ١٠٠,٠ | ١٠٠,٠ | |

خشتەی ژمارە-٢٦-

مافی سەرەتایی هەموو مرۆڤێکە بەوشێوەیەبژیت کە دەیانەوێت، بەڵام کاتێك نادادپەروەری رووبەڕوویان دەبێتەوە لەسەر حسابی شکۆو شەرەفیان ئەوە ژیان نەکردنیان لا ئاسایی ترە وەك ئەوەی تێدا دەژین و بەسەریان هاتووە بێ ویستی خۆیان. بۆ ئاگادار بوون لە بارودۆخی ئێستای ئەو ئافرەتانەی رزگاربووی دەستی چەکدارانی توندڕەوی رێکخراوی داعش بوون پرسیاری ئەوەمان لێیان کرد کە ئایا تا چەند هەست بە خەمباری دەکەن لەو بارودۆخەی ئێستا تێیدا دەژین؟ ئەوەی جێگای سەرنج دان بێت بە نزیکەیی دەتوانین بڵێین کە هەموو ئەو ئافرەتانەی بەشداربوون رازی نین لەو بارودۆخەی ئێستایان هەروەك بە روونی لە خشتەی ژمارە-٢٦- دا دیارە.

## ٢٧-ئایا هەست بە پەژارەیی دەکەی و حەزت بە ژیان نییە؟

| ئایا هەست بە پەژارەیی دەکەی و حەزت بە ژیان نییە؟ | | ژمارەیان | ڕێژەی سەدی | ڕێژەی سەدی وەڵامدراوە | ڕێژەی سەدی کۆکراوە |
|---|---|---|---|---|---|
| وەڵامیان داوەتەوە | بەڵێ | ٣٦ | ٨١,٨ | ٨١,٨ | ٨١,٨ |
| | نەخێر | ٥ | ١١,٤ | ١١,٤ | ٩٣,٢ |
| | هەتا رادەیەك | ٣ | ٦,٨ | ٦,٨ | ١٠٠,٠ |
| | کۆی گشتی | ٤٤ | ١٠٠,٠ | ١٠٠,٠ | |

خشتەی ژمارە-٢٧-

هەروەک لە پرسیارەکانی سەرەوە کە لەو ئافرەتانەمان کرد ئەوەمان بۆ روون بووەوە کە لە ژیانی ئێستایان رازی نین و هەوڵی کۆتاییهێنان بە ژیانی خۆیان داوە، بێگومان ئەوەش وایان لێدەکات کە بەردەوام هەست بە خەم و پەژارە بکەن، چونکە هیچ نیە بۆی بژین چێژی لێ ببینن و لە ژیانیان بێزاربن، ئەوەش لە وەڵامی ئافرەتەکان خۆیانەوە دیارە کە لەو خشتەیەی سەرەوە روونکراوەتەوە کە لە کۆی (٤٤) ئافرەت (٣٦)یان بە بەڵێ وەڵامیان داینەوە.

## ٢٨-ئایا هەست بە دوودڵی دەکەی؟

| ئایا هەست بە دوودڵی دەکەی؟ | | ژمارەیان | رێژەی سەدی | رێژەی سەدی وەڵامدراوە | رێژەی سەدی کۆکراوە |
|---|---|---|---|---|---|
| وەڵامیان داوەتەوە | بەڵێ | 33 | 75.0 | 75.0 | 75.0 |
| | نەخێر | 5 | 11.4 | 11.4 | 86.4 |
| | هەتا رادەیەک | 6 | 13.6 | 13.6 | 100.0 |
| | کۆی گشتی | 44 | 100.0 | 100.0 | |

خشتەی ژمارە-٢٨-

ئەو ترس و تۆقانەی رووبەڕووی بوونەتەوە وایکردوە تووشی دڵەڕاوکێ بن هەست بە جێگیری دەروونی نەکەن هەمیشە لەترس دەژین. بۆ ئەو مەبەستە ش پرسیاری ئەوەمان ئاراستەکردن کە ئایا هەست بە دوودڵی دەکەن؟ بەر لەوەی سەیری خشتەکە بکەین روون و ئاشکرایە کە هەست بە دوودڵی دەکەن لە پاش ئەو رووداوانەی بە سەریان هاتووە و لە خشتەی -٢٨- دا بە تەواوی دیارە بەشێوەیەک سێ بەشی ئافرەتەکان بە بەڵێ وەڵامیان داینەوە و (١١,٤٪) بە نەخێر.

## ٢٩-ئایا شەوان بە شێوەیەکی ئاسایی دەخەویت؟

| ئایا شەوان بەشێوەیەکی ئاسایی دەخەویت؟ | | ژمارەیان | رێژەی سەدی | رێژەی سەدی وەڵامدراوە | رێژەی سەدی کۆکراوە |
|---|---|---|---|---|---|
| وەڵامیان داوەتەوە | بەڵێ | 11 | 25.0 | 25.0 | 25.0 |
| | نەخێر | 19 | 43.2 | 43.2 | 68.2 |
| | هەتا رادەیەک | 14 | 31.8 | 31.8 | 100.0 |
| | کۆی گشتی | 44 | 100.0 | 100.0 | |

خشتەی ژمارە-٢٩-

ئایا شەوان بە شێوەیەکی ئاسایی دەخەویت؟ ئەمە ئەو پرسیارە بوو کە لە خانمانی ئێزیدی ڕزگاربوو کرد ئەوانیش وەڵامەکانیان بەم شێوەیە بوو: (٢٥,٠٪) بەڵێ بوو وەڵامیان و (٤٣,٢٪) شەوان ناتوانن ئاسایی بخەون و (٣١,٨٪) هەتا رادەیەك دەتوانن ئاسایی بخەون.

## ٣٠-ئەگەر وەڵامەکەت بەڵێ یە، ئایا چەند کاتژمێر دەخەوی؟

| ئەگەر وەڵامەکەت بەڵێ یە،ئایە چەند کاتژمێر دەخەوی؟ | | ژماریان | ڕێژەی سەدی | ڕێژەی سەدی وەڵامدراوە | ڕێژەی سەدی کۆکراوە |
|---|---|---|---|---|---|
| بێ وەڵام | | ١٣ | ٢٩,٥ | ٢٩,٥ | ٢٩,٥ |
| وەڵامیان داوەتەوە | ١١ کاتژمێر | ١ | ٢,٣ | ٢,٣ | ٣١,٨ |
| | ١٢ کاتژمێر | ١ | ٢,٣ | ٢,٣ | ٣٤,١ |
| | ٣ کاتژمێر | ٤ | ٩,١ | ٩,١ | ٤٣,٢ |
| | ٤ کاتژمێر | ٨ | ١٨,٢ | ١٨,٢ | ٦١,٤ |
| | ٥ کاتژمێر | ٥ | ١١,٤ | ١١,٤ | ٧٢,٧ |
| | ٦ کاتژمێر | ٥ | ١١,٤ | ١١,٤ | ٨٤,١ |
| | ٧-١٠ کاتژمێر | ١ | ٢,٣ | ٢,٣ | ٨٦,٤ |
| | ٨ کاتژمێر | ٥ | ١١,٤ | ١١,٤ | ٩٧,٧ |
| | ٩ کاتژمێر | ١ | ٢,٣ | ٢,٣ | ١٠٠,٠ |
| | کۆی گشتی | ٤٤ | ١٠٠,٠ | ١٠٠,٠ | |

خشتەی ژمارە-٣٠-

بەجۆرێك ڕووبەڕووی ئازاری جەستەیی و دەروونی بوونەتەوە کەوا ئاساییە تووشی کەمخەوی ببنەوە وەك کابوسێك ڕووداوەکانیان لەخەیاڵ ماوە هەروەك لە خشتەی سەرەوەدا ئەو کاتانە دیاردەکات کە ئافرەتەکان ئاماژەیان پێکرد لە بارەی ژمارەی ئەو کاتژمێرانەی کە شەوان تێیدا دەخەون.

### ٣١-ئایا هەست بە فشار دەکەیت بەبێ بوونی هیچ هۆیەك؟

| ئایا هەست بە فشار دەکەیت بەبێ بوونی هیچ هۆیەك؟ | | ژمارەیان | رێژەی سەدی | رێژەی سەدی وەڵامدراوە | رێژەی سەدی کۆکراوە |
|---|---|---|---|---|---|
| وەڵامیان داوەتەوە | بەڵێ | ٢٦ | ٥٩,١ | ٥٩,١ | ٥٩,١ |
| | نەخێر | ١٠ | ٢٢,٧ | ٢٢,٧ | ٨١,٨ |
| | هەندێ جار | ٨ | ١٨,٢ | ١٨,٢ | ١٠٠,٠ |
| | کۆی گشتی | ٤٤ | ١٠٠,٠ | ١٠٠,٠ | |

خشتەی ژمارە-٣١-

ئەو ئافرەتانەی کە بەشدار بوون لە راپرسیەکەی ئێمە و ئەوانەشی کە هەمان بارودۆخیان هەیە بە گشتی دەتوانین بڵێین باری دەروونیان ئاسایی نییە و بەردەوام رووداوەکانی رابردوویان وەك کابوسێك دێتەوە بەرچاویان هەمیشە هەست بە فشارێکی دەروونی دەکەن بەهۆی ئەو رووداوانەوە. وەك راستەخۆ ئەو پرسیارەمان ئاراستەی خۆیان کرد بۆ ئەوەی لە زاری خۆیانەوە وەڵامی پرسیارەکەی ئێمەیان دایەوە کەوا لە کۆی (٤٤) ئافرەت تەنها (١٠) ئافرەتیان بە نەخێر وەڵامیان داینەوە و باری دەروونیان بە ئاسایی دەبینن لە ئێستادا ئەوانی دیکە وەڵامیان بەڵێ بوو و تووشی فشاری دەروونی بوون و پێی دەناڵێن.

### ٣٢-ئایا وێنەیەك لە رابردوو ماوە لە یادەوەریت؟

| ئایا وێنەیەك لە رابردوو ماوە لە یادەوەریت؟ | | ژمارەیان | رێژەی سەدی | رێژەی سەدی وەڵامدراوە | رێژەی سەدی کۆکراوە |
|---|---|---|---|---|---|
| وەڵامیان داوەتەوە | بەڵێ | ٤١ | ٩٣,٢ | ٩٣,٢ | ٩٣,٢ |
| | نەخێر | ٣ | ٦,٨ | ٦,٨ | ١٠٠,٠ |
| | کۆی گشتی | ٤٤ | ١٠٠,٠ | ١٠٠,٠ | |

خشتەی ژمارە-٣٢-

یادەوەرییەکان هەمیشە ئازارمان دەدەن بەرووداوە ناخۆشەکانیان بۆیە بە دڵنیاییەوە لە بیرکردنی رابردوو کارێکی ئاسان نییە و بە تایبەت بۆ کەسانێك کە بەو ئاستەنگی و زەحمەتییەدا تێپەڕن کە ئافرەتانی ئێزیدی پێیدا تێپەڕیوون کە تێیدا لە خزم و کەسوکاریان دابڕاون و رووبەڕووی توندوتیژی جەستەیی و دەروونی بوونەتەوە، بۆیە بەردەوام لە یادەوەرییان ئەو رووداو و وێنانەی لە رابردوو رووبەڕوویان بۆتەوە بوونی هەیە هەروەك لە وەڵامی ئەو پرسیارەی ئاراستەمان کردن لەو بارەیەوە رێژەی (٩٣,٢٪) بە بەڵێ وەڵامیان دایەوە کە یادەوەریان زۆر ئازاربەخشە و تەنها (٦,٨٪ ) وەڵامیان نەخێر بوو.

### ٣٣-ئایا هەست دەکەیت لە ژێر هەڕەشە دایت؟

| ئایا هەست دەکەیت لە ژێر هەڕەشە دایت؟ | | ژمارەیان | ڕێژەی سەدی | ڕێژەی سەدی وەڵامدراوە | ڕێژەی سەدی کۆکراوە |
|---|---|---|---|---|---|
| وەڵامیان داوەتەوە | بەڵێ | ١٥ | ٣٤,١ | ٣٥,٧ | ٣٥,٧ |
| | نەخێر | ١٧ | ٣٨,٦ | ٤٠,٥ | ٧٦,٢ |
| | هەتا رادەیەك | ١٠ | ٢٢,٧ | ٢٣,٨ | ١٠٠,٠ |
| | كۆی گشتی | ٤٢ | ٩٥,٥ | ١٠٠,٠ | |
| وەڵامیان نەداوەتەوە | بێ وەڵام | ٢ | ٤,٥ | | |
| كۆی گشتی | | ٤٤ | ١٠٠,٠ | | |

خشتەی ژمارە-٣٣-

سەرەڕای رزگار بوونیان لە ژێر ستەمی تیرۆریستانی چەکدارانی داعش و گەیشتنەوەی هەندێکیان بە کەسوکاریان و ماڵ و منداڵییان و هەتا رادەیەکیش بەرقەرار بوونی ئەمن و ئاسایش بۆیان، بەڵام تاوەکو ئێستاش ترس هەیە لە دڵیان و هەست دەکەن ئێستاشی لەگەڵ بێت لە ژێر بوونی هەڕەشەدان و ژیانیان لە ئارامییەکی وا دا نییە کە ئاسودە بژین، لە خشتەی -٣٣- دا دیارە کە (١٧) ئافرەت لەو (٤٤) ئافرەتەی بەشداری راپرسیەکەیان کردبوو هەست بەوە ناکەن کە لەژێر هەڕەشە دابن و (١٥) ئافرەت بە بەڵێ وەڵامیان دایەوە و (١٠) یان هەتا رادەیەك پێیان وایە هێشتا هەڕەشە لەسەر ژیانیان بوونی هەیە.

### ٣٤-ئایا بیر لە رووداوێك دەکەیتەوە؟

| ئایا بیر لە رووداوێك دەکەیتەوە؟ | | ژمارەیان | ڕێژەی سەدی | ڕێژەی سەدی وەڵامدراوە | ڕێژەی سەدی کۆکراوە |
|---|---|---|---|---|---|
| وەڵامیان داوەتەوە | بەڵێ | ٣٦ | ٨١,٨ | ٨٣,٧ | ٨٣,٧ |
| | نەخێر | ٧ | ١٥,٩ | ١٦,٣ | ١٠٠,٠ |
| | كۆی گشتی | ٤٣ | ٩٧,٧ | ١٠٠,٠ | |
| وەڵامیان نەداوەتەوە | بێ وەڵام | ١ | ٢,٣ | | |
| كۆی گشتی | | ٤٤ | ١٠٠,٠ | | |

خشتەی ژمارە-٣٤-

گومان لەوەدا نییە کە ئەو ڕووداوانەی بەسەر ئافرەتانی ئێزیدی زوڵملێکراودا هاتووە بەردەوام لە بیر و هزریاندا دەخولێتەوە، بە شێوەیەك کە (٣٦) ئافرەت لە بەرامبەر ئەو پرسیارەی ئایا بیر لە هیچ ڕووداوێك دەکەیتەوە؟ وەڵامیان داینەوە بە بەڵێ و ( ٧) ئافرەتیش لە ئێستادا بیر لە هیچ ڕووداوێك ناکەنەوە.

٣٥-ئەگەر هەیە، چییە؟

| ئەگەر هەیە، چییە؟ | | ژمارەیان | ڕێژەی سەدی | ڕێژەی سەدی وەڵامدراوە | ڕێژەی سەدی کۆکراوە |
|---|---|---|---|---|---|
| وەڵامیان نەداوەتەوە | | 19 | 43.2 | 43.2 | 43.2 |
| وەڵامیان داوەتەوە | لەدەست دانی ٢١ لە ئەندامانی خێزانەکەم تاکو ئێستا | 1 | 2.3 | 2.3 | 45.5 |
| | لێدان و ریسواکردن | 1 | 2.3 | 2.3 | 47.7 |
| | ئازاردان و خێزانەکەم | 1 | 2.3 | 2.3 | 50.0 |
| | دەستدرێژیکردنە سەرو لێدان و بردن و ئازاردانم | 1 | 2.3 | 2.3 | 52.3 |
| | ڕووداوەکانی کڕین و فرۆشتن/ جیابوونەوە لە خێزانەکەم | 1 | 2.3 | 2.3 | 54.5 |
| | لەدەستدانی منداڵەکانم و ماندوو بوون لەوەی کە داعش کڕین و فرۆشتنمان پێبکات | 1 | 2.3 | 2.3 | 56.8 |
| | هاوسەرەکەم لەدەست دا | 1 | 2.3 | 2.3 | 59.1 |
| | بە بەردەوامی داعش لەخەونەکانمدا دەبینم | 1 | 2.3 | 2.3 | 61.4 |
| | هەموو شتێکیان کاول کرد و لەپێش چاوەکانم باوکمیان برد | 1 | 2.3 | 2.3 | 63.6 |
| | کوشتن و سەربڕینی ئێزیدییەکان | 1 | 2.3 | 2.3 | 65.9 |
| | کچێنی و هەموو شتێکم | 2 | 4.5 | 4.5 | 70.5 |
| | کاتیك داعش هاوسەرەکەیان بردم و ماڵیان ڕووخاندم | 1 | 2.3 | 2.3 | 72.7 |

| | ئەگەر هەیە، چییە؟ | ژمارەیان | رێژەی سەدی | رێژەی سەدی وەڵامدراوە | رێژەی سەدی کۆکراوە |
|---|---|---|---|---|---|
| وەڵامیان داوەتەوە | کاتێك داعش ئێمەی کۆکردەوە و دایکم و باوکم و دوو کورەکەمیان برد | 1 | 2.3 | 2.3 | 75.0 |
| | کورەکەم لەدەست دا و لە سوریا کوشتیان | 1 | 2.3 | 2.3 | 77.3 |
| | لەدەستدانی خوشك و براکانم | 1 | 2.3 | 2.3 | 79.5 |
| | لەدەستدانی منداڵەکانم | 1 | 2.3 | 2.3 | 81.8 |
| | خێزانەکەم لەدەست دا | 1 | 2.3 | 2.3 | 84.1 |
| | خانەوادەکەم لەدەست دا | 1 | 2.3 | 2.3 | 86.4 |
| | لەدەستدانی هاوسەر و ٤ منداڵ و ماڵ و موڵکم | 1 | 2.3 | 2.3 | 88.6 |
| | لەدەستدانی هاوسەرەکەم و ٥ لە منداڵەکانی | 1 | 2.3 | 2.3 | 90.9 |
| | لەدەستدانی هاوسەر و ٥ لە برایەکانم | 1 | 2.3 | 2.3 | 93.2 |
| | لەدەستدانی هاوسەر و خێزانەکەم | 1 | 2.3 | 2.3 | 95.5 |
| | لەدەستدانی خێزانەکەم | 2 | 4.5 | 4.5 | 100.0 |
| | کۆی گشتی | 44 | 100.0 | 100.0 | |

خشتەی ژمارە-٣٥-

هەروەك پێشتر باسمان لەوە کرد ئەو رووداوانەی بەسەر ئافرەتانی ئێزیدییەوە هاتووە رووداوێکی وا سادە و ساکار نییە کە بە ئاسانی لەبیرییان بچێت و بەردەوام بیری لێدەکەنەوە، لە پرسیاری ئەمجارە کە ئاراستەمان کردن، هەرچەندە ئەو پرسیارە بۆیان بووە هۆی کولانەوەی برینەکانیان و وەبیرهێنانەوەی ئەو دیمەنە ناشرین و دزێوانەی لە کاتی دەست بەسەرداگرتنیانەوە بینیبوویان. بەڵام ئەوە بۆ ئێمە گرنگە کە هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکانی سەر بەو بابەتە ئاگادار بن لەو ئازارانەی ئافرەتانی ئێزیدیمان بینیویانە وەك لە وتەی خۆیان دا دیارە کە بەشێکیان منداڵ و هاوسەر و دایك و باوك و خزم و کەسوکارییان لەبەر چاوەکانی خۆیان لە دەستداوە و لێیان دابڕاون و کچانی هەرزەکار و گەنجمان رووبەرووی دەستدرێژی بوونەتەوە لەلایەن چەکدارانی گرووپی توندرەوی داعش و کچێنی خۆیان بە داخەوە لە دەستداوە، ئەوان تاوەکو ئێستاش رووداوەکانی کڕین و فرۆشتن و دەستاودەستکردنی خۆیان بیر نەچۆتەوە بەردەوام لە خەوەکانیان بۆتە کابوسێك.

### ٣٦-ئایا هەست بەهەڵچوون و خەمباری دەکەی بەبێ بوونی هۆکارێکی روون؟

| ئایا هەست بەهەڵچوون و خەمباری دەکەی بەبێ بوونی هۆکارێکی روون؟ | | ژمارەیان | رێژەی سەدی | رێژەی سەدی وەڵامدراوە | رێژەی سەدی کۆکراوە |
|---|---|---|---|---|---|
| وەڵامیان داوەتەوە | بەڵێ | ٣١ | ٧٠,٥ | ٧٢,١ | ٧٢,١ |
| | نەخێر | ١٠ | ٢٢,٧ | ٢٣,٣ | ٩٥,٣ |
| | هەتا رادەیەك | ٢ | ٤,٥ | ٤,٧ | ١٠٠,٠ |
| | کۆی گشتی | ٤٣ | ٩٧,٧ | ١٠٠,٠ | |
| وەڵامیان نەداوەتەوە | بێ وەڵام | ١ | ٢,٣ | | |
| کۆی گشتی | | ٤٤ | ١٠٠,٠ | | |

خشتەی ژمارە٣٦-

رێکخراوی داعش دۆزەخێکیان بۆ خوڵقاندوون لەسەر دونیا، بۆیە بەردەوام بەهۆی ئەو بارە دەروونییە خراپەی کە تێیدان هەست بە خەمباری و هەڵچوون دەکەن، هەتا ئەگەر هیچ هۆکارێکیش نەبێت هەروەك لە وتەی خۆیان ئەوە ئاشکرا دەبێت کە وەڵامی (٣١) ئافرەت بەڵێ بوو بەرامبەر ئەو پرسیارەی لێمان کردن کە دەکاتە رێژەی (٧٠,٥٪) ئەوەش رێژەیەکی کەم نییە و شایانی گرنگی پێدانە ئەوان پێویستیان بەومیە لەرووی دەروونییەوە هاوکاری بکرێن، چونکە باری دەروونی ئەو ئافرەتانە ناجێگیر و باش نین.

### ٣٧-ئایا کێشەکانت کاریگەرییان لەسەرت هەبووە؟

| ئایا کێشەکانت کاریگەرییان لەسەرت هەبووە؟ | | ژمارەیان | رێژەی سەدی | رێژەی سەدی وەڵامدراوە | رێژەی سەدی کۆکراوە |
|---|---|---|---|---|---|
| وەڵامیان داوەتەوە | بەڵێ | ٢٤ | ٥٤,٥ | ٥٤,٥ | ٥٤,٥ |
| | نەخێر | ١٠ | ٢٢,٧ | ٢٢,٧ | ٧٧,٣ |
| | هەتا رادەیەك | ١٠ | ٢٢,٧ | ٢٢,٧ | ١٠٠,٠ |
| | کۆی گشتی | ٤٤ | ١٠٠,٠ | ١٠٠,٠ | |

خشتەی ژمارە-٣٧-

ئەو رووداوەی کەوا روویداوە کاریگەری نەرێنی لەسەر هەر ئافرەتێك کردووە بەشێوەیەکی زۆرخراپ و هەمیشە لەترسدان ناتوانن متمانە بەدەوروبەریان بکەن، ئەو خشتەیەی سەرەوە وەڵامی ئەو ئافرەتانە روون دەکاتەوە بۆ پرسیاری (ئایا ئەو کێشانەی کە بەسەریان هاتووە کاریگەری دروست کردووە لەسەر ژیانیان؟) ئەوانیش

بەمشێوەیە وەڵامی پرسیارەکەمانیان دایەوە:

ئەوانەی بەڵێ بوو وەڵامەکانیان ڕێژەیان (٥٤,٥٪) بوو و ڕێژەی (٢٢,٧ ٪) بە نەخێر وەڵامیان داینەوە.

## ٣٨-ئایا خۆت قبوڵە (لە خۆت رازیت)؟

| ئایا خۆت قبوڵە (لە خۆت رازیت)؟ | | ژمارەیان | ڕێژەی سەدی | ڕێژەی سەدی وەڵامدراوە | ڕێژەی سەدی کۆکراوە |
|---|---|---|---|---|---|
| وەڵامیان داوەتەوە | بەڵێ | ٢٣ | ٥٢,٣ | ٥٢,٣ | ٥٢,٣ |
| | نەخێر | ٨ | ١٨,٢ | ١٨,٢ | ٧٠,٥ |
| | هەتا ڕادەیەک | ١٣ | ٢٩,٥ | ٢٩,٥ | ١٠٠,٠ |
| | کۆی گشتی | ٤٤ | ١٠٠,٠ | ١٠٠,٠ | |

خشتەی ژمارە-٣٨-

رازیبوون لە خوود کاریگەری تەواوی هەیە لەسەر ژیانی تاك و ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر کاروباری ڕۆژانەیان و بیرکردنەوەکانیان، ئایا تا چەند ئەو ئافرەتانەی ئێستا رزگاربووی دەستی داعش بوون لە خودی خۆیان رازیین؟ لە کۆی (٤٤) ئافرەت تەنها (١٣) ئافرەتیان بە نەخێر وەڵامیان دایەوە و ئەوانیش هۆکاری ئەوەیە کە خۆیان بە جۆرێك بە بەرپرسیارو تاوانبار دەبینن کە ئەوان نەیانتوانیوە پارێزگاری لەخۆیان بکەن بیرۆکەکانیان ژیانیان لێ کردوون بەتاریکی لە کاتێکدا کە هیچ تاوانی ئەوانی تێدا نییە و بێ ویستی خۆیان تووشی ئەم کارەساتەبوون.

## ٣٩-حەز بە تەنیایی دەکەیت؟

| حەز بە تەنیایی دەکەیت؟ | | ژمارەیان | ڕێژەی سەدی | ڕێژەی سەدی وەڵامدراوە | ڕێژەی سەدی کۆکراوە |
|---|---|---|---|---|---|
| وەڵامیان داوەتەوە | بەڵێ | ٢٨ | ٦٣,٦ | ٦٣,٦ | ٦٣,٦ |
| | نەخێر | ١١ | ٢٥,٠ | ٢٥,٠ | ٨٨,٦ |
| | هەتا ڕادەیەک | ٥ | ١١,٤ | ١١,٤ | ١٠٠,٠ |
| | کۆی گشتی | ٤٤ | ١٠٠,٠ | ١٠٠,٠ | |

خشتەی ژمارە-٣٩-

تەنیای تەنها بۆ خودایە و سروشتی مرۆڤ وایە کە هەمیشە پێویستی بە کەسانی دەوروبەری هەیە بۆ بەردەوام بوون و ئاڵوگۆڕکردنی بیرو بۆچوون و بەشێك لە

ئازارەکانیان بەمەبەستی کەمبوونەوەی و هەستکردن بە ئاسودەیی، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجدان بێت بەشی هەرە زۆری ئەو ئافرەتانەی لە راپرسیەکەی ئێمە بەشدار بوون بە داخەوە تەنیایی و دووربوون لە دەوروو بەر و کۆمەڵگە بە باشتر دەزانن حەز بەوە دەکەن بە تەنیا بن، چونکە ئەو خانمانە ژیانیان ناخۆشەو نایانەوێت ئاسایی ژیان بکەن، هەمیشە گۆشەگیرن بەدەست ئەو رروداوەی بەسەریان هاتووە دەناڵێنن کە ژمارەیان (٢٨) ئافرەت بوو لەو (٤٤) ئافرەتەدا.

٤٠-ئایا هیچ ئارەزوویێکت هەیە و بتەوێ بیهێنیتە جێ؟

| ئایا هیچ ئارەزوویێکت هەیە و بتەوێ بیهێنیتە جێ؟ | | ژمارەیان | رێژەی سەدی | رێژەی سەدی وەڵامدراوە | رێژەی سەدی کۆکراوە |
|---|---|---|---|---|---|
| وەڵامیان داوەتەوە | بەڵێ | ٣٧ | ٨٤,١ | ٨٤,١ | ٨٤,١ |
| | نەخێر | ٦ | ١٣,٦ | ١٣,٦ | ٩٧,٧ |
| | هەتا رادەیەک | ١ | ٢,٣ | ٢,٣ | ١٠٠,٠ |
| | کۆی گشتی | ٤٤ | ١٠٠,٠ | ١٠٠,٠ | |

خستەی ژمارە-٤٠-

لەو خشتەیەی سەرەوەدا جۆرێك لە هیوا و ئومێد هەست پێدەکەین کە سەرەرای ئەو زەحمەتیانەی پێیدا تێپەریوون و خۆیان بە دەستەوە نەداوە ئارەزووویان بۆ ژیان کردن و چێژوەرگرتن لەجوانیەکانی ژیان ماوە سەرەرای ئەو نەهامەتییەی رووبەڕوویان بۆتەوە دەجەنگن و لەسەر حکومەت و دام و دەزگاکانی پەیوەند بە ئافرەتان و مافەکانی مرۆڤەوە هەیە کاری جدی بکەن بۆیان.

٤١-ئایا پارەی تەواوت لەبەر دەستە بۆ هێنانە دی ئارەزووەکەت؟

| ئایا پارەی تەواوت لەبەر دەستە بۆ هێنانە دی ئارەزووەکەت؟ | | ژمارەیان | رێژەی سەدی | رێژەی سەدی وەڵامدراوە | رێژەی سەدی کۆکراوە |
|---|---|---|---|---|---|
| وەڵامیان داوەتەوە | بەڵێ | ٢ | ٤,٥ | ٤,٥ | ٤,٥ |
| | نەخێر | ٣٧ | ٨٤,١ | ٨٤,١ | ٨٨,٦ |
| | هەتا رادەیەك | ٥ | ١١,٤ | ١١,٤ | ١٠٠,٠ |
| | کۆی گشتی | ٤٤ | ١٠٠,٠ | ١٠٠,٠ | |

خشتەی ژمارە-٤١-

وەك دەزانین لە ئێستا بە ئەندازەی بوونی توانا و بەهرە و ئەزموون، بواری ماددیش گرنگە بۆ جێبەجێکردنی ئەو خولیا و بیرۆکانەی کە لە بیری هەر تاکێك هەیە بەبێ بوونی بڕی پارەی پێویست ناتوانن پرۆژە و بیرۆکەکانیان بخەنە بواری جێبەجێکردنەوە کە بەهۆیەوە هەم بتوانن ببنە مایەی سوود گەیاندن بە کۆمەڵگە و خودی کەسەکە خۆی کە دەبێتە هۆکارێك بۆ بژێوی ژیانی خۆی و هەندێ جاریش کەسوکاریش.

خشتەی -٤١-نمونەی وەڵامی ئەو ئافرەتانەیە کە ئارەزوویەکیان هەبوو و ویستی ئەومیان هەبوو کە ئەو ئارەزوویەیان بێننە دی، بەڵام وەك ئەوەی لە خشتەکەدا روونە کە رێژەی (٨٤,١٪) بڕی پارەی پێویستیان لەبەر دەست دا نییە بۆ ئەوەی بتوانن ئەو توانا و ئارەزووەی هەیانە بیهێننە دی و سوودێك بە کۆمەڵگەکەی خۆیان بگەیەنن رێکخراوەکانی خێرخوازی و کۆمەڵگەی میواندار دەبێت دەستی هاوکاریان بۆ درێژ بکەن تا بەهرەکانیان بکەنە کردەیی.

## ٤٢-ئایا لایەنی مادی یارمەتی داویت لە ژیان؟

| ئایا لایەنی مادی یارمەتی داویت لە ژیان؟ | | ژمارەیان | ڕێژەی سەدی | ڕێژەی سەدی وەڵامدراوە | ڕێژەی سەدی کۆکراوە |
|---|---|---|---|---|---|
| وەڵامیان داوەتەوە | بەڵێ | ١٨ | ٤٠,٩ | ٤٠,٩ | ٤٠,٩ |
| | نەخێر | ١٦ | ٣٦,٤ | ٣٦,٤ | ٧٧,٣ |
| | هەتا رادەیەك | ١٠ | ٢٢,٧ | ٢٢,٧ | ١٠٠,٠ |
| | کۆی گشتی | ٤٤ | ١٠٠,٠ | ١٠٠,٠ | |

خشتەی ژمارە-٤٢-

لەو خشتەیەی سەرەوەدا ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کە ئایا هەر یەك لەو ئافرەتانەی بەشداربیان لە راپرسییەکەمان کردووە هەتا چ رادەیەك لایەنی ماددی یارمەتیدەر بووە لە ژیانیان، ڕێژەی (٤٠,٩٪) بە بەڵێ وەڵامیان داوەتەوە و ڕێژەی (٢٢,٧٪) پێیان وایە هەتا رادەیەك لایەنی ماددی یارمەتیدەرە لە ژیانیان و لە هەمانکاتدا ڕێژەی (٣٦,٤٪) لایەنی ماددی بە گرنگ نابینن لە ژیانی خۆیان.

## ٤٣-ئەگەر کارێکی گونجاوت پێبدەن، دەیکەیت؟

| ئەگەر کارێکی گونجاوت پێبدەن، دەیکەیت؟ | | ژمارەیان | ڕێژەی سەدی | ڕێژەی سەدی وەڵامدراوە | ڕێژەی سەدی کۆکراوە |
|---|---|---|---|---|---|
| وەڵامیان داوەتەوە | بەڵێ | ٣٣ | ٧٥,٠ | ٧٥,٠ | ٧٥,٠ |
| | نەخێر | ٩ | ٢٠,٥ | ٢٠,٥ | ٩٥,٥ |
| | هەتا رادەیەك | ٢ | ٤,٥ | ٤,٥ | ١٠٠,٠ |
| | کۆی گشتی | ٤٤ | ١٠٠,٠ | ١٠٠,٠ | |

خشتەی ژمارە-٤٣-

خشتەی ژمارە-٤٣- ئەوە دەردەخات کە ئایا ئەو ئافرەتانەی رزگاربووی دەستی چەکدارانی داعش بوون لە ئێستادا خولیایان بۆ کارکردن هەتا چ رادەیەکە، ئایا ئەو کارەسات و تەنگ و چەڵەمانەی تووشیان هاتوون وای لێیان کردووە کە ئارەزوویان بۆ کارکردن نەبێت؟ بەڵام خۆشبەختانە ئەوەی جێگای خۆشحاڵییە هێشتا ئەو توانایەیان هەیە کە ئەگەر کارێکی گونجاوییان پێبدەن ئامادەن کار بکەن ئەمەش سەرقاڵیان دەکات و دەروونیان ئاسودە دەبێت وادەکەن زۆر بیرنەکەنەوە لە رابردوویان لەو (٤٤) ئافرەتە ئەوانەی بە بەڵێ وەڵامیان داوەتەوە ژمارەیان (٣٣) ئافرەت بوو و (٩) ئافرەت ئامادە نین کار بکەن.

## ٤٤-ژیان لە ئاوارەیی سوودی پێگەیاندووی بۆ دۆزینەوەی کارێك؟

| -ژیان لە ئاوارەیی سوودی پێگەیاندووی بۆ دۆزینەوەی کارێك؟ | | ژمارەیان | ڕێژەی سەدی | ڕێژەی سەدی وەلامدراوە | ڕێژەی سەدی کۆکراوە |
|---|---|---|---|---|---|
| وەلامیان داوەتەوە | بەڵێ | ١ | ٢,٣ | ٢,٤ | ٢,٤ |
| | نەخێر | ٣٧ | ٨٤,١ | ٨٨,١ | ٩٠,٥ |
| | هەتا رادەیەك | ٤ | ٩,١ | ٩,٥ | ١٠٠,٠ |
| | کۆی گشتی | ٤٢ | ٩٥,٥ | ١٠٠,٠ | |
| وەلامیان نەداوەتەوە | بێ وەلام | ٢ | ٤,٥ | | |
| کۆی گشتی | | ٤٤ | ١٠٠,٠ | | |

خشتەی ژمارە-٤٤-

بە دڵنیاییەوە ئەو ئافرەتانەی کە پێشتر خاوەنکاریش بووبن لە پاش ئاوارە بوون و ئەو کارەساتە دڵتەزێنانەی بەسەریان هات لە ئێستادا بێکار ماونەتەوە سەرەڕای ئەو ئافرەتانەی کە خوێندنیان هەبوو و لە خوێندن دابڕاون، بۆیە کاتێك پرسیاری ئەوەمان ئاراستەکردن کە لە دوای ئەو ڕووداوانەی بەسەریان هاتووە توانیویانە لە ژیانی ئاوارەییان کارێك بدۆزنەوە؟

ڕێژەی (٨٤,١٪) هیچ سوودێکیان وەرنەگرتووە لە ژیانی ئاوارەیی بۆ دۆزینەوەی کارێکی گونجاو و تەنها یەك ئافرەت توانیویەتی لە ژیانی ئاوارەیی کارێك بدۆزێتەوە. بەڵام ئەگەر ڕێکخراوەکان و لایەنی پەیوەندیدار بەبارودۆخی ئاوارەکان خولی جیاجیایان بۆ بکەنەوە و پسپۆرییەکانیان بخەنەگەڕ تا سوودیان هەبێت و بتوانن هەلی کار فەراهەم بکەن.

### ٤٥-ئایا دەتوانیت لەگەڵ کۆمەڵێك ئافرەت بژیت لە شوێنێکدا؟

| ئایا دەتوانیت لەگەڵ کۆمەڵێك ئافرەت بژیت لە شوێنێکدا؟ | | ژمارەیان | ڕێژەی سەدی | ڕێژەی سەدی وەلامدراوە | ڕێژەی سەدی کۆکراوە |
|---|---|---|---|---|---|
| وەلامیان داوەتەوە | بەڵێ | ١٩ | ٤٣,٢ | ٤٣,٢ | ٤٣,٢ |
| | نەخێر | ١٨ | ٤٠,٩ | ٤٠,٩ | ٨٤,١ |
| | هەتا رادەیەك | ٧ | ١٥,٩ | ١٥,٩ | ١٠٠,٠ |
| | کۆی گشتی | ٤٤ | ١٠٠,٠ | ١٠٠,٠ | |

خشتەی ژمارە-٤٥-

لێرەدا مەبەستمان لەو پرسیارە ئەوەبوو بۆمان روون بێتەوە کە گیانی پێکەوەژیان لە ناو ئەو ئافرەتانەی رزگاریان بووە لە دەستی داعش تاکو چ رادەیەکە، بۆیە ئەو پرسیارەمان ئاراستەکردن و وەلامەکانیان بەو شێوەیە بوو:

وەلامی بەڵێ ڕێژەکەی (٤٣,٢٪) بوو و ئەوانەی بە نەخێر وەلامیان داوەتەوە ڕێژەکەیان (٤٠,٩٪) بوو ئامادەیی ئەوەیان نییە رووبەڕووی پرس و گفتوگۆ ببنەوە لەبارەی ئەو کارەساتەی تووشی هاتوون کە بەشێوەیەك ئەو پەڕی رابردوو هەڵدەدرێتەوە گەر کۆمەڵێك ئافرەت پێکەوە بژین، بۆیە وتیان نەخێر بۆ پرسمان. ( ١٥,٩٪)یش هەتا رادەیەك پێیانوایە دەتوانن لە ناو کۆمەڵێك ئافرەتدا ژیان ببەنە سەر.

### ٤٦-ئایا بەدەست هیچ نەخۆشییەکەوە دەناڵێنی؟

| ئایا بەدەست هیچ نەخۆشییەکەوە دەناڵێنی؟ | | ژمارەیان | ڕێژەی سەدی | ڕێژەی سەدی وەلامدراوە | ڕێژەی سەدی کۆکراوە |
|---|---|---|---|---|---|
| وەلامیان داوەتەوە | بەڵێ | ٢٧ | ٦١,٤ | ٦١,٤ | ٦١,٤ |
| | نەخێر | ١٧ | ٣٨,٦ | ٣٨,٦ | ١٠٠,٠ |
| | کۆی گشتی | ٤٤ | ١٠٠,٠ | ١٠٠,٠ | |

خشتەی ژمارە-٤٦-

| نەخۆشییەکەت چییە؟ | | ژمارەیان | ڕێژەی سەدی | ڕێژەی سەدی وەڵامدراوە | ڕێژەی سەدی کۆکراوە |
|---|---|---|---|---|---|
| وەڵامیان داوەتەوە | وەڵامیان نەداوەتەوە | ١٨ | ٤٠,٩ | ٤٠,٩ | ٤٠,٩ |
| | جومگە ئاوسان | ١ | ٢,٣ | ٢,٣ | ٤٣,٢ |
| | هەوکردنی گورچیلە | ١ | ٢,٣ | ٢,٣ | ٤٥,٥ |
| | هەوکردن | ١ | ٢,٣ | ٢,٣ | ٤٧,٧ |
| | هەوکردنی منداڵدان و سرع کاتێك خێزانەکەم بەبیر دێتەوە | ١ | ٢,٣ | ٢,٣ | ٥٠,٠ |
| | هەوکردنی زۆر و نەشتەرگەری منداڵدانم کرد | ١ | ٢,٣ | ٢,٣ | ٥٢,٣ |
| | هەوکردن و ئازاری چاو | ١ | ٢,٣ | ٢,٣ | ٥٤,٥ |
| | هەوکردن و گرێ لە منداڵدان | ١ | ٢,٣ | ٢,٣ | ٥٦,٨ |
| | پەستی و دڵ توندی درێژخایەن | ١ | ٢,٣ | ٢,٣ | ٥٩,١ |
| | ڕۆچوونی بڕبڕەی پشت و هەوکردن | ١ | ٢,٣ | ٢,٣ | ٦١,٤ |
| | تیفۆ | ١ | ٢,٣ | ٢,٣ | ٦٣,٦ |
| | گرانەتا و هەوکردن | ١ | ٢,٣ | ٢,٣ | ٦٥,٩ |
| | نەخۆشی گورچیلەو سەرسوڕانێکی توند | ١ | ٢,٣ | ٢,٣ | ٦٨,٢ |
| | سۆفان | ١ | ٢,٣ | ٢,٣ | ٧٠,٥ |
| | لاسەرئێشە | ١ | ٢,٣ | ٢,٣ | ٧٢,٧ |
| | لاسەرئێشە و تیفۆ | ١ | ٢,٣ | ٢,٣ | ٧٥,٠ |
| | فشاری خوێن | ١ | ٢,٣ | ٢,٣ | ٧٧,٣ |
| | فشاری خوێن و هەوکردنی جومگە | ١ | ٢,٣ | ٢,٣ | ٧٩,٥ |
| | فشاری خوێن و ڕومانتیزم و هەوکردنی ناوەوە | ١ | ٢,٣ | ٢,٣ | ٨١,٨ |
| | فشاری خوێن و شەکرە | ١ | ٢,٣ | ٢,٣ | ٨٤,١ |
| | چاو | ١ | ٢,٣ | ٢,٣ | ٨٦,٤ |
| | چۆك ئێشان و هەوکردنی ناوەوە | ١ | ٢,٣ | ٢,٣ | ٨٨,٦ |
| | کەمخوێنی/ لاسەرئێشە / هەوکردنی ناوەوە | ١ | ٢,٣ | ٢,٣ | ٩٠,٩ |
| | کێشەی لە هێلکەدان هەیە | ١ | ٢,٣ | ٢,٣ | ٩٣,٢ |
| | نەخۆشی غودە | ١ | ٢,٣ | ٢,٣ | ٩٥,٥ |
| | نەخۆشی دەروونی | ١ | ٢,٣ | ٢,٣ | ٩٧,٧ |
| | کێشەی دەروونی | ١ | ٢,٣ | ٢,٣ | ١٠٠,٠ |
| | کۆی گشتی | ٤٤ | ١٠٠,٠ | ١٠٠,٠ | |

لێرەدا هاتینە سەر باسی تەندروستی دوای ئەوەی کۆمەڵێك پرسیاری پەیوەست بە باری دەروونیمان ئاراستەی ئافرەتەکان کرد و باری دەروونیمان بۆ ڕوون بوویەوە، بێگومان دوای ئەو ڕووداو و دەستدرێژی کردنانەی کراوەتە سەریان دووچاری چەندان نەخۆشی بوونەتەوە و پێیەوە دەناڵێنن کە (٢٧) ئافرەت کە دەکاتە ڕێژەی (٦١,٤٪) لە دوای

ئەو رووداو و ناخۆشیانەی بە سەریان هاتووە لە ئێستادا بە دەست نەخۆشییەوە دەناڵێنن و پێویستان بە چاودێری تەندروستی و چارەسەر هەیە.

## ٤٧-ئەگەر وەڵامەکەت بەڵێیە، نەخۆشیەکەت چییە؟

خشتەی ژمارە-٤٧-

خشتەی ژمارە -٤٧- ئەو نەخۆشیانە روون دەکاتەوە کە ئافرەتانی رزگاربووی ژێر دەستی چەکدارانی داعش بە دەستییەوە دەناڵێنن کە بەشێکی زۆرییان تووشی هەوکردن و فشاری خوێن بوونەتەوە و تێیاندایە کە بەبیر هاتنەوەی رووداوەکانی رابردوو تووشی سەرعیان دەکات، هەروەها بەشێکیان تووشی هەوکردنی منداڵدان بوونەتەوە،

سەرەڕای خەم و ئازاری رووداوەکانی رابردوو لە ئێستادا بەو نەخۆشیانەوە دەناڵێنن و هەر جارێك بەهۆی ئازاری جەستەیان دووبارە برینەکانیان دەکولێتەوە و ئازارەکانیان سەر هەڵدەداتەوە.

## ٤٨-ئایا چارەسەری پێویست وەردەگریت بۆ ئەو نەخۆشییە؟

| ئایا چارەسەری پێویستت وەردەگریت بۆ ئەو نەخۆشییە؟ | | ژمارەیان | رێژەی سەدی | رێژەی سەدی وەڵامدراوە | رێژەی سەدی کۆکراوە |
|---|---|---|---|---|---|
| وەڵامیان داوەتەوە | بەڵێ | ١٠ | ٢٢,٧ | ٤٠,٠ | ٤٠,٠ |
| | نەخێر | ١٤ | ٣١,٨ | ٥٦,٠ | ٩٦,٠ |
| | هەتا رادەیەك | ١ | ٢,٣ | ٤,٠ | ١٠٠,٠ |
| | کۆی گشتی | ٢٥ | ٥٦,٨ | ١٠٠,٠ | |
| وەڵامیان نەداوەتەوە | بێ وەڵام | ١٩ | ٤٣,٢ | | |
| کۆی گشتی | | ٤٤ | ١٠٠,٠ | | |

خشتەی ژمارە-٤٨-

سەبارەت بە وەرگرتنی چارەسەر بۆ ئەو نەخۆشیانەی کە ئافرەتەکان پێیەوە دەناڵێنن لە دوای رزگار بوونیان لە ژێر دەستی گرووپی تیرۆریستی داعشەوە. ئافرەتەکان بەم شێوەیە وەڵامیان داوەتەوە کە (١٠) ئافرەت لە کۆی ئەو (٢٧) ئافرەتەی کە تووشی نەخۆشی ببوون لە ئێستادا چارەسەر وەردەگرن و (١٤ ) ئافرەت هیچ چارەسەرێك بۆ نەخۆشییەکەیان وەرناگرن، ئەو ئافرەتانە پێویستیان بەوەیە کە هیچ نەبێت لەڕووی جەستەییەوە تەندروست بن لە دوای ئەو ئازارانەی کە پێیدا تێپەڕیوون ئەویش

لەرێگای حکومەت و دامەزراوە خێرخوازییەکان بۆ چاودێریکردنی باری تەندروستی ئەو ئافرەتانە و پێدانی چارەسەری پێویست بۆ دەستەبەر کردنی تەندروستییەکی جێگیر بۆیان، چونکە ئەوە مافێکی سەرەتایی خۆیانە شایەنی ئەومن کە لەرووی جەستەییەوە هەست بە ئارامی بکەن.

سەبارەت بە شوێنی وەرگرتنی چارەسەر تەنها (١٠) ئافرەت لە کۆی ئەو (٢٧) ئافرەتە لە بارەی شوێنی وەرگرتنی چارەسەر بۆ نەخۆشییەکەیان بۆمان دووان ئەوانیش لە کەمپ و ماڵەوە و نۆرینگەکان چارەسەر وەردەگرن ئەوانەی دیکە بۆی هەیە تاوەکو ئێستاش چارەسەر وەرنەگرن بۆ نەخۆشییەکەیان یان وەڵامیان نەداوەتەوە.

بەهەرحاڵ ئەوەی جێگای گرنگی پێدان بێت بۆ باسکردن ئەو ئافرەتانە پێویستییان و مافی خۆشیانە کە چارەسەرەکانیان بێبەرامبەر بۆ دەستەبەر بکرێت.

**٤٩-لە کوێ چارەسەر وەردەگریت؟**

| | | ژمارەیان | رێژەی سەدی | رێژەی سەدی وەڵامدراوە | رێژەی سەدی کۆکراوە |
|---|---|---|---|---|---|
| وەڵامیان نەداوەتەوە | | ٣٤ | ٧٧,٣ | ٧٧,٣ | ٧٧,٣ |
| وەڵامیان داوەتەوە | لە ماڵەوە دەرمان وەردەگرم | ٢ | ٤,٥ | ٤,٥ | ٨١,٨ |
| | پزیشك لە خانەکێ | ١ | ٢,٣ | ٢,٣ | ٨٤,١ |
| | د.ئاواز لە دهۆك | ١ | ٢,٣ | ٢,٣ | ٨٦,٤ |
| | دهۆك نۆرینگەی دکتۆر بورهان | ١ | ٢,٣ | ٢,٣ | ٨٨,٦ |
| | سیمیل | ١ | ٢,٣ | ٢,٣ | ٩٠,٩ |
| | شروب لە دەرمانخانە | ١ | ٢,٣ | ٢,٣ | ٩٣,٢ |
| | دکتۆری دەروونی | ١ | ٢,٣ | ٢,٣ | ٩٥,٥ |
| | نەخۆشخانە | ١ | ٢,٣ | ٢,٣ | ٩٧,٧ |
| | نەخۆشخانەی کەمپ (سەردانی دکتۆری دەروونی) | ١ | ٢,٣ | ٢,٣ | ١٠٠,٠ |
| | کۆی گشتی | ٤٤ | ١٠٠,٠ | ١٠٠,٠ | |

خشتەی ژمارە-٤٩-

ئەنجامەکان:

١- ئەو ئافرەتانەی رزگارکراون لەژێر دەستی رێکخراوی توندڕەوی داعش پێویستیان بە چاودێری تەواو هەیە بۆ ئەوەی دەست بەژیان بکەنەوە، چونکە تووشی داڕمانی لاینی دەروونی و جەستەیی بوونەتەوەو هەمیشە لەناکۆکی چەکداری ئافرەتان و منداڵان زۆرترین زیانیان پێدەگات و رووبەڕووی دەستدرێژی دەبنەوە لەلایەن شەڕکەران کە وەك کاڵایەك کڕین و فرۆشتنیان پێدەکەن و لەبازنەی مرۆڤ بوون دایان دەماڵن، بۆیە زۆرێك لەو ئافرەتانە هەوڵی خۆکوشتنیان داوە بەرێگەی جیاواز، بۆیە لەسەر رێکخراوی مافی مرۆڤ و رێکخراوی تایبەت بەژنان و رێکخراوە خێرخوازییەکان یارمەتیدەربن بۆیان تاکو ئاشنایان بکەنەوە بە ژیان و چالاکییەکانی رۆژانەیان.

٢-بەهۆی ئەو بارودۆخەی کەوا ژنان و کچانی ئێزیدی تووشی هاتوون هەمیشە لەترس و دڵەڕاوکێ دەژین وا هەست دەکەن لەژێر هەڕەشەدان ئەمەش کاریگەری خراپی لەسەر تەندروستیان جێهێشتووە دەبێت باری ئاسایش و ئارامییان بۆ فەراهەم بکرێت مافی سەرەتایی هەر مرۆڤێکە ئازادبن.

٣-سەرەڕای ئەو بارودۆخانە بەسەریان هاتووە توانای کارکردنیان هەیە پێویستە لەسەر رێکخراوەکان و لایەنەکانی حکومەت بەرپرس لەمافی پەنابەرو ئاوارەکان هەلی کاریان بو بڕەخسێن و خولی جیاجیایان بۆ بکرێتەوە بۆ ئەوەی خۆیان رابهێنن بۆ کارو رابردوو لەبیربکەن.

٤- ئەو ژن و ئافرەتە ئێزدییانەی پاکیزەیی خۆیان لەدەستداوە دەناڵێنن بەدەست ئەو رووداوە قێزەونەی بەسەریان هاتووە، بۆیە هەمیشە حەز بەگۆشەگیری دەکەن و نایانەوێت دووبارە تێکەڵاوی دەورووبەر ببنەوە، بەڵام گەر دەنگی پڕهاواریان بگاتە جیهان ئەوا لەئازاریان تێدەگەن و بڕیارو رێسای نوێ دەردەکرێت بۆ پاراستنی ئافرەتان لە کاتی بوونی ناکۆکی شەڕو وەك نادیە موراد نمونەی ئەو ئافرەتە بوو سەرەرای ئەوەی رووبەڕووی دەستدرێژی بووە لەلایەن ئەندامانی رێکخراوی داعش، بەڵام بێدەنگ نەبوو دەنگی پڕ ئازاری گەیاندە جیهان و رێگەخۆشکەربوو بۆ زۆرێك لەو ئافرەتانەی خۆیان گۆشەگیرکردووە بەهۆی ئەو کارەساتە بەسەریاندا هاتووە.

٥- لەبواری پەروەردە و فێرکردن و پێویستیانە دەرفەتیان بۆ بڕەخسێنرێت تا هۆشیاری بەدەست بهێنرێت بتوانن لە هەموو بارودۆخەکان خۆیان بگونجێنن.

٦- رێکخراوەکان دەبێت لەرێگەی سیمینارو کۆڕو کۆبوونەوەی تایبەت ئەنجامبدەن و وشیاری و رێگەچارەی پێویست شیبکەنەوە بۆ ئاوەراکان تا لەبارودۆخی لەناکاو بزانن چۆن مامەڵە بکەن.

٧-رێکخراوەکان دەبێت پێویستی تەندروستیەکان و یارمەتی ئابوری و کۆمەڵایەتی بۆ ئەو ئافرەتانە دابین بکات.

پێشنیارەکان :

پێویستە لایەنە پەیوەندیدارەکان و رێکخراوە خێرخوازیەکان رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و کۆمەڵگەی مەدەنی و رێکخراوەکانی ئافرەتان هەوڵی جدی و تەواو بدەن کەشێکی پڕ لەئارامی و ئاسودەی ئازادی بۆیان فەراهەم بکەن و چارەسەری تەندروستی پێویست بۆ ئەو ئافرەتانە بکەن کەوا بەهۆی ئازاری جەستەیی و دەروونی دەناڵێنن لەسەر پەرلەمان پێویستە رێنمایی نوێ دەربکات بەشێوەیەك لەبەرژەوەندی ئەو ژن و کچانە بیت کەوا تووشی نەهامەتی و بوونەتە قوربانی شەڕی چەکداری و جێبەجێکردنی بڕگەکانی مافی مرۆڤی جیهانی کە دەرچووە بۆ پاراستنی گیانی تاکەکان و لەرووی تەندروستی و شکۆمەندیان لەحاڵەتی شەڕ، ئەو یاسایە جێبەجێ دەکرێت و دابینکردنی پێویستیەکانیان کە دەبێت دابین بکرێت.

لیستی سەرچاوەکان:

1– https://www.youm7.com/story/2017/10/29/فتاة-يزيدية-هاربة-من-داعش-3000-امرأة-تتعرض-للاغتصاب-يوميا/3486016

2- https://aawsat.com/home/article/1479491/الأمم-المتحدة-توجه-نداء-لإنهاء-العنف-ضد-النساء-في-العراق

٣- https://www.google.com/search?client=opera&q=معاناة نساء العراق تحت حكم «داعش» التضييق على السنة ووقائع جديدة عن اغتصاب الإيزيديات

٤- فهم النوع الاجتماعي والعنف القائم على النوع الاجتماعي ووصمة العار في المجتمعات السورية https://www.google.com/search?client=opera&q=٢ ٨-oe=UTF&٨-sourceid=opera&ie=UTF&

5 - ا حسان محمدحسن - موسوعة علم اجتماعي

6 - عبدلباسط محمدحسن اصول البحث اجتماعي-ص 204

7- رۆڵی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەگەشەپێدانی تواناى گەنجدا (توێژینەوەیەکی مەیدانیە لەشاری سلێمانی) –چیا فائق رشید

8- پەروین سازگار ئاوردانەوەیەك لەكۆمەڵناسی-جەوادم ستەفا ستویەپی-دەزگای موکریان بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە-هەولێر-چ2003-1-لاپەرە67

9--- اتفاقية القضاء على جميع أشكال التمييز ضد المرأة file:///C:/Users/DELL/Desktop/N1354329%20(1).pdf

10-file:///C:/Users/DELL/Downloads/UNAMIReport22Aug2017_AR.pdf

- تعزيز وحماية حقوق ضحايا العنف الجنسي الذين وقعوا في أسر داعش/ أو في المناطق التى يسيطر عليها داعش فى العراق

file:///C:/Users/DELL/Downloads/UNAMIReport12Aug2016_en.pdf

A Call for Accountability and Protection: Yezidi Survivors of Atrocities Committed by ISIL